منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

زەردەشتیەتی دینداری
و
زەردەشتیەتی سیاسی

دوو توێژینەوەی شیکاری

دکتۆر عوسمان عەلی
پرۆفیسۆری هاریکاری لە مێژوو

سەلام ناوخۆش
پرۆفیسۆری هاریکاری لە زمانناسی

2017

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

زەردەشتیەتی دینداریی و
زەردەشتیەتی سیاسیی
دوو تویژینەوەی شیکاریی

زەردەشتیەتی دینداریی و زەردەشتیەتی سیاسیی دوو توێژینەوەی شیکاریی

نوسینی

دکتۆر عوسمان عەلی سەلام ناوخۆش

بڵاوکردنەوەی

نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە

نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ

نەرمین کاوانی

خەتی بەرگ

نەوزاد کۆیی

قەبارە

١٤×٢١ - (٩٦) لاپەڕە

نۆرە و ساڵی چاپ

یەکەم ١٤٣٨ ك - ٢٠١٧

تیراژ

١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان / هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردنی (١٧٧) ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

هەموو مافێکی لە بەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە

Copyright ©Tafseer Publishing

نوسینگەی تەفسیر

بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن

هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس

+964 750 818 08 66

www.al-tafseer.com

tafseeroffice@yahoo.com

/TafseerOffice

زەردەشتیەتی دینداریی
و
زەردەشتیەتی سیاسیی

دوو توێژینەوەی شیکاریی

نوسینی

دکتۆر عوسمان عەلی
پرۆفیسۆری هاریکاری لە مێژوو

سەلام ناوخۆش
پرۆفیسۆری هاریکار لە زمانناسی

بە ناوی خودای گەورە

پێشەکی

بەشێك لە ڕۆناکبیری کوردی بانگەشەی ئەوە دەکات، کە زەردەشتیەت ئایینی پێشووی کوردە. ئەم دیتنە تەواو جودایە لەگەڵ گوتاری قورئان و میژووی ئایندارای ئاسمانیی مرۆڤەکان. قورئان هیچ نەتەوەیەکی فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو پێغەمبەری لە خودی نەتەوەکە و بە زمانی نەتەوەکە هەناردووە. ئایینی قەوم پێش ئیسلام تایبەت بووە بە (قەوم)ی دیار. ئەمە ڕای قورئان-ە، کە بە کورت و کرمانجی ئاماژەی بە ئایینی نەتەوەکان کردووە.

زەردەشتیەت بە پێچەوانەی گوتاری قورئانەوە چەمکی (قەوم)ی لە سەر بنیاتی (ئاری) بوونەوە دارشتووە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە لە نێو (حوکمرانی میدی) و (حوکمڕانی ئەخمینی) دا حزووری هەبووە. دواتریش لە نێوان گەلانی دی ئاری و نا - ئاری!

لە لایەکی تر، ئەو دەمەی کورد بە ئیسلام ئاشنا بوو، ئایینی کورد زەردەشتی نەبوو بەڵکو مەجووسی بوو، چونکە خودی حوکمرانی

ساسانی لە سەر مەجووسیەت دامەزرا بوو، بەڵگەش بۆ ئەمە چەندەها ئاتەشگا لە کوردستانی ساسانی هەبوو. لە لایەکی تریش دوای ڕووخانی حوکمڕانی میدی و ئەخمینی ٧٠٠-٣٣١ پ.م زەردەشتیەتی دینداریی هەرەسی هێنا، بەشەکانی تری کوردستانیش بە تایبەتی کوردستانی ڕۆمی زۆربە مەسیحی بوون.

ئەم نامیلکەیە هەوڵدەدا دوور لە سۆز و دۆگما شرۆڤەیەکی زەردەشتی دینداریی و سیاسیی بکات بەوەی ئەوەی ئەمڕۆ ڕۆناکبیری کورد بانگەشەی بۆ دەکات زەردەشتییەتی ئایینداری نییە، بەڵکو "زەردەشتییەتی" سیاسییە، ئەم ڕەوتەش بەرهەمی هزری چەپی کوردییە بۆ ڕزگاربوون لە ئیسلام. توێژینەوەی یەکەم، کە بە ناوی "خوێندنەوەیەکی دوور لە ڕۆمانسیەت بۆ زەردەشتیەت" دکتۆر عوسمان عەلی بە عەرەبی نووسیویەتی و ماکوان کەریم وەریگێڕاوە. دکتۆر عوسمان لە بەشی یەکەم هەوڵیداوە چەند پرسیارێك بوروژێنێت لەوانە پێکهاتەکانی زەردەشتییەت وەك ژن لە کۆمەڵگا و هەڵوێستی زەردەشتییەت بەرانبەر هاوسەرگیری دایك و خوشك هەروەها هەڵوێستی زەردەشتیەت دەربارەی توێژە کۆمەڵایەتییەکان؟! توێژینەوەی دووەم، کە بە ناوی "ڕەگی زەردەشتییەتی سیاسی" لە بزاڤی هزری و سیاسی کورد دەدوێت و بە بەڵگە دەیسەڵمێنێت ئەم زەردەشتییە سیاسییە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە کەم و زۆر حزووری لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی تیۆری و چەپی کوردی هەیە، ئەم بەشە سەلام ناوخۆش نووسیویەتی.

د.عوسمان عەلی ٢٠١٦/١١/١٠ سەلام ناوخۆش

بەشی یەکەم

خوێندنەوەیەکی دوور
لە ڕۆمانسیەت بۆ زەردەشتیەت

نوسینی: د. عوسمان عەلی
وەرگێرانی: ماکوان کەریم

لە سەرەتایی مانگی نۆی ساڵی ٢٠١٦دا وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی وە دیوانی پارێزگای سلێمانی بڕیارێکی دەرکرد بە بەخشینی مۆڵەتی کردنەوەی ئاتەشگایەکی (مەعبد) زەردەشتی لە شاری سلێمانی. پێویستە ئەم ڕوداوە هەڵوێستەی لەسەر بکەین و بەجدی لێیوورد ببینەوە.کە ئەمە لەڕاستیدا لەناو کۆمەڵگای کوردیدا دەرچەی هیچ ئەنجامێك وریزبەندیەك نیە. ماوەی ساڵێك زیاترە لە هەوڵ و ئامادەکاریداین لەگەڵ زۆرێك لە مامۆستاو دانشمەندانی زانکۆی سەلاحەدین و دهۆك و هەندێك لە دانشمەندانی رۆژئاوا و لێکۆڵەرەواکانی کورد بۆ باس و خواستە ئەکادیمی و زانستیەکان لەسەر زەردەشتی،کە چەند پەیوەندی بە کورد و کوردستانەوە هەیە. بەم نزیکانە بە پشتیوانی خوای پەروەردگار چاپ دەکرێت و دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران.دەمەوێت ئەوە بڵێین و پێشتریش ووتمانە، ئێمە دان دەنێین بە ئازادی بیروباوەڕ کە مافی پیرۆزی هەموو خەڵکێکە و هەموو یاسا مەدەنیەکان دانیان بەوەداناوە و بەتایبەتتریش لە بەڵگە و میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئاگاداریە جیهانیەکاندا ئاماژەی پێکراوە. مافێکی ئاسایی مرۆڤە کە خوای پەروەدگار لە هەموو شەریعەتە ئاسمانیەکاندا بەخشیویەتیە مرۆڤ و لەسەروی هەموانەوە ئاینی پیرۆزی ئیسلام. خوای پەروەردگار لە چەند جێگادا ئاماژەی پێکردوە:

﴿ وَقُلِ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ﴾ الكهف: ٢٩

واتە: پێیان بڵێ: حەق هەر ئەوەیە کە لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆتان ڕەوانەکراوە، (هەموشتان سەربەستن) ئەوەی دەیەوێ با باوەڕ بێنێ، ئەوەی دەیەوێ با کافرو بێ باوەڕ بێ.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ ﴾ البقرة: ٢٥٦

واتە: زۆر ناکرێت لە خەڵکی بۆ وەرگرتنی ئاینی ئیسلام قەدەری خوای پەروەردگارە بۆمان کە ماوەیەکی دوورودرێژ لەکۆمەڵگەی خۆرئاوا ژیان بەرینە سەر و لەمالیزیا هەستمان بە خۆشی و تام و چێژی پێکەوە ژیانی ئاین و بۆچونە جیاوازە فیکریەکان کرد و هەر ئەو ئازادی و پێکەوە ژیانەش بووە هۆکار و فاکتەر کەپێشکەوتن بەخۆیانەوە ببینن، پاشان کە ئەو ئەزموونەمان بینی و ڕەنگدانەوەی ناو ئەو کۆمەڵگایانە بوو هەستمان بە خۆشی و تاموچێژی جیاوازی و پێکەوەژیانی ئاین و بۆچونە جیاوازە فیکریەکان کرد، هەرهۆکاری ئەو ئازادی یەکە گەلانیتریدونیا ئەو ڕابون و پێشکەوتنە بەخۆیانەوە دەبینن.لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاینی ئیسلام ؛ ئاینێکی تەواو و بێ کەموکورتیەو پێغەمبەرەکەشی (صلى الله عليه‌وسلم) کۆتا پێغەمبەرە،خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن لِّيَبۡلُوَكُمۡ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمۡ ﴾ المائدة: ٤٨

واتە: ئەگەر خوا بیویستایە هەر هەمووتانی دەکردە ئوممەت و گەلێکی یەك پارچە، بەڵام ویستی وایە کە تاقیتان بکاتەوەو (سەربەستتان بکات تا بەهۆی عەقڵ و ژیریتانەوە ڕێبازی ڕاست بدۆزنەوە) وە لە بەخششەکانی سوود وەرگرن.

لەڕاستیدا جیاوازی ئاینی و بیروباوەڕ؛ جیاوازە لەگەڵ بەجەهل کردنی و نەزانکردنی خەڵکی لەسەر دین و ژینیان و کۆمەڵێك لەسەر

ئەو کایە ترسناکە کار بکەن، بەڕاستی گواستنەو و هێنانی ئاینە خوازراوەکان لە دەرەوەی کوردستان بۆ مەبەستی سیاسی، ئەمە کارێکە بۆشکاندن و ترزاندنیکۆمەڵگا و لەهەمانکاتدا هەڕەشەیەکی ترسناکە لەسەر ئاسایشی نەتەوەی کوردی و راستکردنەوەی هەڵوەشاندن و ناڕێکخستنی کۆمەڵگای کوردی، بەتایبەتی لە هەردوو جەمسەری دەرەکی بۆ نەیارەکانی و ناوخۆ بۆ لەبەر یەك هەڵوەشاندنی تاك و خێزان و..هتد.ئەوانەی کە ئەم بیرۆکەی زەردەشتیەیان لەناو کۆمەڵگای کوردیدا خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە، کۆمەڵێك عەلمانی کوردی بوون لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە. ئەوسەردەمە هۆکارەکەی هەستکردن بوو بەنەبونی ناسنامەی کوردی، گەڕان بوو بەدوای ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئیسلام، هەمان باروگوزەرانی نەتەوەپەرستەکانی عەرەبیان هەبوو، کەناسرابوون بە (ناسیۆنالیزمی عەرەبی) ئەوانیش دەگەڕان بەدوای ئاکار و ڕەوشتە جاهیلیەکانی وەك زیندوکرندەوەی ئاکارە فیرعەونیەکان، هەروەها تورکەکان کە دەرچەی کەمالیستی بوون ناسرابوون بە تورانیەکان دەگەڕان بەدوای ئاینی شامانیەکان بەو پاو و پێوەندەی کە گوایە ئەمە ئاینی ڕاستی ودێرینی تورکومانەکانە، پاشان نەتەوە پەرستەکانی فارسیش لە کتێبی شانامەی فەردەوسیەوە سەرلەنوێ بانگەشەیان بۆ گەڕانەوەی ئاینی زەردەشتی کردوە، سیستەمی پەهلەوی شاهەنشاهی دروستکرایەوە لەسەردەمانی محمد رەزا شاە. (١٩٢١-١٩٧٩) .

ئاینی زەردەشتی کە پرۆژەی دامەزارندنی ئەو سیستەمەبو لە ناو نەتەوەی فارسەکاندا.لەم بارەیەوە پسپۆرو شارەزا دکتۆر فرهاد

شاکەلی دەڵێت: لەڕاستیدا زەردەشتیەت هەست کردنە بە نۆستالۆژیا (پەچەکدارێکە دوور لە ئەقڵانیەت و سۆزداری) هەوڵێکە کە ناتوانێت دەرگایەك بدۆزێتەوە بۆ دەرچوون لەو کێشەو تەنگەژانەی تێیدایە لەمەڕ ناسنامەی نەتەوەیی.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەرچەکردارە بەهێزە دژی ئاراستەی ئاینی ئیسلام، لە ڕێگای ئەو نوخبە عەلمانیە کوردیەیکە ئەزموونێکی ڕەق و تاڵ و تفتیان هەبوو لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عەرەبی عێراقی، ئەو سیستەمە فاشییە کە دەسەڵاتی عێراقی دەبرد بەڕێگاوە لە نێوانی بەرداشتی گاڵتە پێکرنی عەرەب و ئیسلامیش بوو. لەڕاستیدا ئەو خەڵکە نوخبەیەی کە حوکمی عێراقیان دەکرد لەهەمان جام و پیاڵەی عەلمانیدا بوون، کە ئێستا کوردە عەلمانیەکان دوبارەی دەکەنەوە و بانگەشەی زەردەشتی بەشێوەیەکی گەورە و زیادەڕۆیی لە لایەن نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمەکانی کوردی لەکۆمەڵێکاژێکی جاران بانگەشەی بۆ دەکرا لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردودا، کەناسرابوون بە (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردی). هەروەها مارکسیەکانی کورد و چەپەکان بەگشتی لەسەربنەماکای فەلسەفەی ماددی کە پێیان وابوو ئاین هۆکار و فاکتەری چینی دەسەڵاداره بۆ چەوساندنەوەی گەل، بەڵام لەگەڵ ئەو بیروباوەڕەیاندا سۆزدار بون لەگەڵ ئاینی زەردەشتیداکە دوربون لە هەموو ئاکارێکی ئەقڵانی و، تەنانەت ڕەوشتی سیاسیش! ئەگەر وردتر بڕوانین دەبینین کە ئەمەش پێچەوانە دەبێتەوە لە ئەدەبیاتی حیزبی کرێکارانی کوردستان (پ ك ك)، ئەگەر بەوردی تەماشا بکەین دەبینی لەناو - پ ك ك - دا ناو و ئەدەبیاتی

زەردەشتی و ڕەمزو لۆگۆکانیان بەئاشکرا دەبینرێت،بەڵام لەسەردەمی موستەفا بارزانی و شۆڕشەکەی و، تەنانەت ئەوانەی کە کاریگەری ڕۆژئاواشیان لەسەربو جورئەتی ئەوەیان نەدەکرد کە ئەم باسە بکەنەوە، هەروەها لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد ئەم باسی زەردەشتیە بوروژێنن، لەبەر ئەوەی نە بارزانی و نە قازی محمد هەرگیز ڕێگەیان نەنەدا کە تانەو تەشەر لە ئاینێکی ١٤٣٩ساڵەی کوردی بدرێت کە، لەپێناو ئاینێکی پوکاوەی ڕابووردو کە بیر و باوەڕێکی خورافیەو لە بنەڕەتدا فارس خاوەنیەتی وهیچ پەیوەندی بەسەر گەلی کوردەوە نیە.

ڕاگەیاندنەکانی سەربە -پ د ک- کە لەڕاستیدا لە ژێر کاریگەری مارکسیە کوردەکاندایە هاوشێوەی دەزگای ئاراس، کە بە دەیان کتێبیان لەسەر زەردەشتی وەرگێڕاوەتەسەر زمانی کوردی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردودا، هەروەها مەلابەختیار (کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)، هەمو هاوکاریەکی ماددی و مەعنەوی و لۆجستی زەردەشتیەکان دەکات لە شاری سلێمانی. لەڕاستیدا ئەو ڕەوشەی زەردەشتیەکان دەیانەوێت دروستی بکەن ئەوەیە؛ کە زەردەشتیەت وەک بیروباوەڕێکی ڕەسەنی کوردی بڵاوبکەنەوە، تاکو - پرۆژەی نەتەوەی سەربەخۆ دروست بکەن.ئەمە هەوڵێکی نەزۆکە بەدوای تراویلکە دا کەوتوون لە بیابانبۆ ئەوەی تینوێتیان بشکێنێت. وەک پەندێکی پێشینان دەڵێت:(دەنگی دەهۆڵ لەدورەوە خۆشە)لێرەولەوێ لە بانگەشەی زەردەشتیەکاندا دەردەکەوێت؛ جا - بەزانین بێت یاخود بەنەزانینوێنای زەردەشتی دەکەن بە رۆمانتیکیا

که دووره له واقیع و راستیەوه، دەیانەوێت بەزۆر و دوور له تێگەیشتن بڵێن:زەردەشتیەت واتە: بیرکردنەوەیەکی نوێ و ووتەی نوێ وکرداری نوێ. ئەگەر هەموو ئامانجەکە له بونیادنانی کۆمەڵگای کوردیدا بێت، ئەوە دروشمەکانی کۆنفۆشیۆسی و مە سیحیەکان گەورە و بەرزترە له روی گوفتارو ڕەفتار وڕەوشتی بەرزدا.ئەوەی که خۆمان هەمانە له ئاکارو ڕەوشتی ئیسلامی ئایا ئەوەندە بەس نیە بۆ مان؟! مەگەر ئایەتە قورئانیەکان ئاراستەمان ناکەن بۆ کردارو گوفتارو ڕەفتاری باش؟ مەگەر خوای پەروەردگار له قورئانە پیرۆزەکەیدا نافەرموێت بەرامبەر بە پێغەمبەرەکەمان (صلى الله عليه وسلم):

﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾

واتە: بەڕاستی تۆ ئەی محمد لەسەر بەرزترین ڕەوشتی! مەگەر خودی پێغەمبەری نازادار (صلى الله عليه وسلم) نافەرموێت: (انما بعثت لاتمم مكارم الاخلاق)، واتە: بەڕاستی هاتوم بۆ ئەوەی ئەخلاقە جوانەکان تەواو بکەم. هەروەها بەڕێزو دانشمەند دکتۆر شاکەلی دەڵێت:زۆربەی ئەوکەسانەی که بانگەشە بۆ زەردەشتیەت دەکەن نوخبەیەکن که هیچ تێنەگەیشتوون له فەلسەفەی ژیارو شارستانیەتی و تیۆری مەعریفی دروستکراوەکان له لای زەردەشتیەت، لەڕاستیشدا ئەگەر تێگەیشتنیشیان هەبیت تێگەیشتنێکی زۆر نازانستیانەیە، ئایا دەگونجێت بونیادنانی دەوڵەتی پێشکەتوی سەردەمیانە لەسەر بنەما و ئاکاری زەردەشتیەت بێت؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە دەگەڕێینەوە بۆلای لێکۆڵەرەوە و شارەزایانی تایبەت بەم بوارە:

پرسیاری یەکەم :ئایا زەردەشتیەکان کوردستانین؟ ئایا ئینتیمایان بۆ کوردو کوردستان هەیە؟

لەڕاستیدا ئاسان نیە دەست نیشان کردنی تەواوەتی هەر باسێکو پرسێکی زەردەشتی، چونکە لە پاش ماوە دێرینەکاندا هیچ شتیك لەسەر ژیانی زەردەشتی تۆمار نەکراوە تا بگاتە دەستی خەڵکی، ئەوەشی بەدەستی خەڵکی گەیشتووە تەنها لەدڵەوە گوازراوەتەوە، (واتە: نزخە زانستیەکەی جێگای گومانە)، وەك دەڵێن: ٤٠٠ساڵ دوای زەردەشت ژیانی نوسراوەتەوە، هیچ کەس نازانێت میژووی ژیان و لەدایك بوونی و جێگا و شوێنی نیشتەجێبونی بەتەواوەتی.هەندێك پێیان وایە و ئاماژە بەوە دەکەن کە زەردەشت ٧ سەدە پێش زایین لەدایکبووە ئەوەش رای جیاوازی لەسەر دروست بووە لە سەر شوێنی لەدایك بونی، بە بۆچونی رای پەسەند دەڵێن: لە ئورمیە لەدایك بووە، ئەمەش سەرچاوە ئیسلامیەکان پشتگیریدەکەن وپاڵپشتی ئەم رایەن، چونکە (مادەکان) میدیا بەتایبەت ئازربایجان جێگای لەدایك بوونی زەردەشتە. ئەمەش لە کتێبی (الملل والنحل الشهیر للمؤلف الشهرستانی(١٠٨٦-١١٥٣)) ئاماژەی پێکراوە.

لەسەردەمی دەسەڵات و فەرمانڕەوای مادیەکاندا زەردەشتیەت رەتکراوەتەوە و وەرنە گیراوە، ناچار ئەویش رویکردۆتە ووڵاتی فارس، پادشای فارس بەناوی (گوشتاسب) ڕێزی لێگرتوە و باوەشی بۆ بانگەشەکەی کردۆتەوە ئاینەکەی کە زەردەشتیەتە پیادەیکردوە، پاشان ئاینی زەردەشتی بە زۆر سەپاندوە بەسەر گەلانی ئێراندا لەنێوانیشیاندا کورد.

لەهیچ سەرچاوەیەکدا نەهاتووە کە دەوڵەتی میدیای کوردی پیادەکەری ئاینی زەردەشتی بووبێت، بیروباوەڕیشیان بە زەردەشتیەت نەبووە، کاریگەری ئاینە دڕێژکراوەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیایان (ڕافیدەین) لەسەر ژیانی کۆمەڵگاکە هەبووە. هیچ باسێك لەبارەی پەرتوکی ئاڤێستاوە نەکراوە لەوقۆناغە میژوویییەدا، دەشێت ئەو سەردەمە کوردەکان کاریگەری ئاینی دێرینی میترایی ئێرانیان بەسەرەوە بووبێت، بەڵام لە سەدەکانی دواتردا فەرمانڕەوای میدیاییەکان گۆڕا بۆ کەمینەیەك لەلایەن پیاوانی ئاینی لەناو ئیمپراتۆریەتی میدیایەکاندا کەناوی ماجی (magi) یاخود مەجوسیان هەڵگرتبو، دواتر بوبەزەردەشتی.

لەدوای ڕوخانی دەوڵەتی میدیا دەوڵەتی هەخامەنشینەکان هاتنە سەر دەسەڵات، ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشینەکان بە فەرمانڕوای (دارویشی یەکەم) دەستیکرد بە سەربڕینو کۆمەڵکوژی لە دژی گەلی کورد، بەهۆکاری ئەوەی ئەم گەلە سەربەئاینی میترایییەکانن لەرۆژئاوای ئێران (رۆژهەڵاتی کوردستان) بەهۆکاری ئەوەی زەردەشتیان نەویستوە و بەئاینی خۆیانیان نەزانیوە، پاشان لەسەردەمی کامبیزدا (٥٣٩-٥٢٢،پ.ز) کوڕی کورشی گەورە هەڵسان بە شۆڕشێك کەناسراوە بەشۆڕشی موغەکان کە پاشماوەی دەوڵەتی مادەکان بون. ئەو شۆڕشە بانگەشەی بۆ چاکسازی ئاینیو ئابوری دەکرد لە بەرژەوەندی چینوتوێژە گشتیەکان، ئەو شۆڕشە کاهینێکی (پیر - موغ)ی زەردەشتی بەناوی (کیومیت)سەرکردایەتی دەکرد. ئەم شۆڕشە لە وڵاتی کوردان بووە هۆکاری کۆمەڵکوژیەکی گەورە دژ بەکوردەکان، بەڵام هەخامەنشینەکان بەسەرکردایەتی دارویشی فارسی توانی ئەو

شۆڕشە دابمرکێنێتەوە، فارسەکان شانازی بەو ڕۆژەوە دەکەن کە ئەو کۆمەڵکوژی وجینۆسایدەیان دەرحەق بەکوردەکان کرد و شۆڕشەکەیان خامۆشکردن ناویان ناوە بەرۆکی ماکوفونی .

پێدەچێت ئەو بەشەی کە ئاینی زردەشتیان وەرگرتوە لە خاکی کوردستاندا، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات و باشوریکوردستان، بەشی زۆری باکور و ڕۆژئاوای کوردستان هەر بەسەربەخۆی مانەوە و نەبونە هەڵگری ئاینی زەردەشتی، نەچوونە ژێر سایەو دەسەڵاتی هەخامەنیشینەکان، لەبەر ئەوە نابینی زەردەشتیەت وەک ئاین و بە فەرمی کاری پێبکرێتلەو ناوچانەی کە ئاماژەمان پێکرد، ئەو پاشماوە دێرینانەی کە پێشتر بە ئاسەواری زەردەشتی دەناسران لەم دواییانەدا دەرکەوت هەمووی پاشماوەی دێرینی میترایییەکانە، نمونەی ئاسەواری شاری ئاکرێ و دهۆک و ئامێدی و ناوچەی خراپەی لای گەرمیانو تەکیەو ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵ.

ئەو بانگەشانەی کە گوایە زەردەشتی ئاین و بیروباوەڕی گەلی کوردە لەبنەڕەتدا! هیچ بنەمایەکی نیە کە پشت ڕاستی بکاتەوە بە میژوی ڕاستی ودروست هیچ بەڵگەیەکی بڕوا پێکراو لەبەردەستدا نیە لە نوسینی کۆن و پاشماوەی دێرین. لە ڕاستیدا ئاینە کوردیەکان بریتی بوون لەئاینی میترایی دێرین و یەزیدی و یەهودی و مەسیحیەکان. هەموو ئەم ئاین و بیڕوباوەڕانە دژایەتی و سەرکۆنە کراون لەلایەن دەوڵەتی فارس، زەردەشتیەکان لەسەرو هەمویانەوە بە هێزو دەسەڵاتی دەوڵەتی ساسانی، کەدوای دەوڵەتی هەخامەنشینەکان هاتوون. هەموو ئەم دەوڵەتانە زەردەشتی و نەتەوەیان لە ناو فارسدا

کۆکردبوەوە، سەرەتای بیری نەتەوەی فارسی وزەردەشتی دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم کتێبی فیردەوسی بەناوی شاهنامە کە پێشتر ئاماژەمان پێکردوە لە باسەکەدا.

یەکێك لەوانەی کە بانگەشەی زەردەشتیەت دەکەن لەشاری سلێمانی دەڵێت: ڕۆژئاوا سودی لە ئاکارو ڕەوشتی مرۆیی زەردەشتیەت وەرگرتوە! بونیادی شارستانیەتی خۆیان لەسەر بینا کردوە! داوا لە گەلی کورد دەکات کە چاو لەوان بکەن.

ئەگەر سەیری وتەی ئەم ڕۆشنبیرە بکەین دەبینین سەراپای هەڵەیەو تێگەشتنێکی زۆر بێبنەماییانەیە لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا و ڕابونی ئەوروپا، چونکە ڕۆژئاوا هیچ شتێکیان لە ژیار و پێشکەوتن لە فارس و زەردەشتی وەرنەگرتوە، بەڵکو - هەموو تیرۆرە زانستی و مەعریفیەکان کە ئاشکرا بوون لەلایەن شارستانیەتی ئیسلامەوە وەریانگرتووە، بەتایبەتی شارستانیەتی ئەندەلوس.

پرسیاری دووەم : تیۆری دروستبوونی گەردوون و دروستکراوەکانی تر لای زەردەشتیەت نابینرێت

لەناو داتاکانی زەردەشتیدا هیچ ئاماژەیەك بۆ چۆنیەتی دروستبونی گەردون نەکراوە، بەڵام لەسەردەمی ساسانیەکاندا پەرتوکێك نوسراوە بەناوی "بوندهشین" لەوێدا ئاماژە بۆ دروستبونی گەردون کراوە. بە پێی ئاینی زەردەشتی ئەوەی لەم پەرتوکەدا باس کراوە لە سەر دروستبونیگەردوون هیچ بنەمایەکی نیە و هەمو خورافاتو قسەی پروپوچەو هەر هەمووی لە ئاینی هیندیەکۆنەکانەوە وەرگیراوە، پێیان

وایە کە یەزدانی ئەوان نورێکی تەواوەتی و مُوتڵەقە لە خودی خۆی گەردونی دروستکردوە کەماوەی ٣٠٠٠ساڵ لەخودی خوایەتیدا ئەم گەردونە ماوەتەوە. ئاهورامەزدا خوای زەردەشتیەکانە و هیچ جۆرە خراپەیەکی دروست نەکردوە، بەڵکو - خراپە هەربونی هەبوە لە خودی ئەزلەوە!

پاشان زنجیرەی دووەمی دورستبونی گەردون باس دەکات دوای ٣٠٠٠ ساڵی تر دروستبووە، ئەهریمەن کەخوای خراپەکاریيە شەڕو خراپەکاری دروستکردوە و فورسەتی هێناوە کە خراپەی تێکەڵ بە گەردونی ئاهورامەزدا کردووە بە بێ ئەوەی زانیبێتیلە شێوەی هەڵدانی بۆق خراپەی هەڵداوەتە گەردونەکەیەوە، کەجۆرێکە لە پلانی سەربازی بۆ وێرانکردنی ئەم خوای چاکەیە کە ئاهورامەزدا، ئیتر هەر لەو سەردەمەوە ململانێ لە نێوانی ئاهورامەزدا و ئەهریمەندا دروستبووە بۆ چاکە و خراپە. خەڵکی باش شوێنکەوتوی ئاهورامەزدایە خەڵکی خراپیش شوێنکەوتوی ئەهریمەنە، لێرەدا ئازادی هەڵبژاردن لەدەستی مرۆڤەکان خۆیاندایە، دوای ٣٠٠٠ ساڵی تر لە ڕۆژێکی دیاریکراودا یاخود رۆژی قیامەتی زەردەشتیەکاندا خەڵکی کۆدەکرێتەوە، ئەوەی باشە دەچێتە بەهەشتی ئەزەلیەوە، ئەوەشی خراپە دەچێتە دۆزەخی ئەزەلیەوە.

ئەگەر ورد سەیری خوای زەردەشتیەکان بکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە توانای یەکەمی نیە، بەڵکو- خوای خراپەش ئەزەلیە و بونی هەیەو خاوەن توانایە، بێ ئەوەی خوای چاکە هیچ دەسەڵاتی بەسەریدا هەبێتئەگەر لێوردبونەوە بکەین بۆ باسەکان بە ڕونی ئەوە بەدی

دەکرێت، کە پەروەردگاری باشە لە زانستدا لاوازە و توانای خراپەی ئەهریمەنی نەبووە کە خراپەی لە کاتێکدا خستۆتە ناو گەردونی خوای چاکە، لەلایەکی تریشەوە ئاماژە بەوە دەکات کە تەمەنی ئەم گەردوونە لە ٩٠٠٠سالّ تێپەڕ ناکات وقیامەتی زەردەشتیەکان هەڵدەستێت، بەڵام لە ئێستادا زانستەکانی بایەلۆجی و نوێ ئەوەی ئاشکرا کردوە کە تەمەنی زەوی کەمتر نیە لە ١٣.٧ملیار سالّ.

پرسیاری سێیەم : دیدو تێڕوانینیان بۆ چینو توێژەکانی کۆمەڵگا:

دیدو تێڕوانینی پێکهاتەی کۆمەڵگای زەردەشتی چەند چینێکە: پیاو مەعقولان، دەسەڵاتداران، چینی پیاوانی ئاینی کاهین و موغ و پیرەکانیان، چینی جوتیاران، چینی خەڵکی هەژار بەگشتی. ئەمە دیدو تێڕوانینیانە هەر کەس بڕوای بەم ریزبەندیەی زەردەشتی نەبێت ئەوە بەرقین و خەشمی ئاهورامەزدا دەکەوێت، چینی کۆتایی ئەویشچینی ئەندالەکانە کەچینی بێدەرەتانەکانن. ئەم چینە لەبەر ئەوەی هەژارن نەفرەتی خوایان لێکراوە، بەهۆکاری ئەوەی کە ئەمانە خاوەنی زەویەکی کوشتوکاڵی نین و خاوەنی مانگای پیرۆزنین! لەڕاستیدا ئەو ناوچەنانەی زەردەشتی تێدا ژیاوە خاوەنی هیچ ژیارو شارستانیەتێك نەبووە وە ئابوریەکەشی تەنها لەسەر بەخێوکردنی ئاژەڵ بونیادنراوە و خەڵکەکەشی هەر خەریکی شوانیو بەخێوکردنی مەڕومااڵت بون، واتە: خاوەنی هیچ بنەمایەکی شارستانی نەبوون، ئەمەش وا نیشان دەدات کە زەردەشت کەسێکی دەشتەکی و بەدەوی گەڕۆك بووە خاوەنی جێگایەکی تایبەت نەبووە تیایدا نیشتەجێبێت، چونکە سروشتی ئەم جۆرە پیشانە وایە کە گەرمیانو کوێستان دەکات، ئەم جۆرە خەڵکانەش هەرگیز

حەز بە سیستەمو دەسەڵات ناکەن و لەو جۆرە کارانە دورن حەزیان بەدەسەڵاتی شارو دەوڵەتداری نیە، ئەوەشی داوای دەسەڵاتو دەوڵەت دەکات شوێن ئایینی درۆکەوتوە.

ئەوەی کە زۆر جێگای سەرسوڕمان و زۆر نامەعقولە ئەوەیە مارکسیە کوردەکان هەموو ئاینی ئیسلام و فەلسەفەو فیکری رەتدەکەن، بەهۆکاری ئەوەی کە گوایە ئیسلام چینایەتی دروست دەکات سەرمادەری قۆرخکراو دروست دەبێت مۆنۆمپۆڵی کۆمەڵگا دەکات، دەشڵێن دین بەسروشتی خۆی خورافات و تریاکی گەلانە، بەڵام چەندە بەسۆزو سۆزدارن لەگەڵ ئاینی زەردەشتی و چەپێك باسی زەردەشتی دەکات وەك سۆفیەك چۆن عاشقی تەریقەتەکەیەتی ئاوا، ئەوانیش بە عیشقەوە باسی دەکەن. لەگەڵ ئەو سیستەمە چینایەتیە قیزەونە رەقەی کە لەخۆی گرتووە، وا هەژماری دەکەن کە بیروباوەڕی ڕاستی کوردە کە هەر لە بیروباوەڕی زەردەشتیەتدا ئافرەت بە پلە دوو هەژمار دەکرێتو تەنها بۆ لەزەتو خۆشیەکانی پیاو دروست کراوە.

پرسیاری چوارەم: ژن لە زەردەشتیەتدا:

ئەو کەسانەی کە بانگەشەی زەردەشتیەت دەکەن لە نوێگەراکان گوایە لە نێوانی ژن و پیاودا یەکسانی هەیەو فرەژنی لە ناو ئەواندا نییە! لای زەردەشتیەکان ژن بە سەرچاوەی شەڕەنگێزی نازانن و بە یەکسانی میرات دابەش دەکرێت لە نێوان ژن و پیاودا، هەروەها شایەدی دانی ئافرەتانیش وەکو پیاوان وایە لە دادگادا.با هەڵسەنگاندنێك بکەین

بۆ وتەی زەردەشتیە نوێگەراکان لە سەرچاوەیەکی زانستیەوە پرۆفیسۆر (جەمشید جوکسی)، لێکۆڵەری ئەمریکی دەگێڕێتەوە: میژنوسی بەناوبانگی یۆنانی (هیرۆدۆت) ئەو کەسەیکە خۆی سەردانی ئێرانی کۆنی کردوە لە سەردەمی ساسانیەکاندا گەواهی دەدات و دەڵێت: هیچ کاتێك ڕوی نەداوە و نەبووە لە پیاوانی ئاینی پیرۆزی ئەو سەردەمە یاخود زانایانی ئایینی زەردەشتی کە ناسراون بە موغە مەجوسیەکان (کاهینە زەردەشتیەکان) لە هەموو ئێراندا یەك ئافرەتیان تێدا نەبووە. لاپەرە ١٣ ڕۆحی پیسی ناونراوە بە "درو" بەناوی مێینە ناوزەد کراوە کە بەشدارە لە هەڵە گەورەکەی کیومورتان کە باوکی مرۆڤایەتیە لای زەردەشتیەکان. ئایینی زەردەشتی مامەڵە لەگەڵ ڕۆحی ئافرەتاندا دەکات بەناوی تاروماتی و بارماتی بوشاشب یان بشاتیاسە کە واتای کردەوەی خراپە وە پیاوان بەرەو هەڵە دەبات. لاپەڕە ٣٧-٣٣ هەروەها لە لاپەڕە ٩٠دا دەڵێت ڕۆڵی ژن لە مالدا گرێڕایەڵی و ملکەچی لێ داوا دەکرێت، چونکە ژن مولکی باوکیەتی یاخود برایەتی یا کوڕیەتی. لە (جاهیك) دا ژن ئەو کەسەیە کە عاشقی ڕۆحی شەڕەنگێزە ناوێکی ناشرینی لێنراوە بە ئەنکرا مانیو کە ڕۆڵێکی زۆر ترسناك و خراپەکاری دەبینێت. لاپەڕە ٣٨ لە کۆندا دوو جۆری سەرەکی هاوسەرگیری هەبوو لەلایان: هاوسەرگیری ڕێگا پێدراو وە ڕێگا پێنەدراو.

هاوسەرگیری ڕێگەپێدراو ئەو هاوسەرگیریە بووە کە لەیاسای جاسب ئاڤێستادا هاتووە، ناونراوە بە (بادیشا زانی)، یاخود بە هاوسەرگیری (شوز)، ئافرەتی (زان) یاخود (بادیشا زان)دەبێت بە ڕازیبونی باوکی کچەکەو کچەکە خۆی و سێ شاهید لەگەڵ دادوەر کە ئیمزای

دەکات و دەبێ تۆماربکرێت. پیاو گەورەی ماڵە و گوێڕایەڵێشی پێویستە.ئەم هاوسەرگیریە لە تەمەنی منداڵیاندا جێبەجێ دەکرێت یاخود گرێبەستی هاوسەرگیریەکە لە تەمەنێکی منداڵیدا ڕوودەدات، پێیان وایە لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا پێویستە هاوسەرگیری بکرێت

شێوەی دووەمیان لەهاوسەرگیری ڕێگا پێنەدراو: کە کچەکە خۆی پێشەکەشی هاوسەرەکەی دەکات بێ گەڕانەوە بۆلای کەسوکارەکەی و ڕەزامەندی باوکی وەرناگرێت. لەم هاوسەرگیریەدا ژنەکە وەک خزمەتکار سەیر دەکرێت (زان جغاربها)، هەروەها پێشی دەوترێت (شکر زان)، بەهۆکاری جۆری هاوسەرگیریەکەی، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لەپلەی دووەمدا دێت. ئاماژەی بۆ کراوە وەک پلەی کۆیلەو کە نیزەک یاساو ڕێساکانی جیاوازە لەگەڵ جۆری یەکەمدا، بەڵکو لە یەکەمدا ژنەکە پەروەردەکاری ماڵ و منداڵ و هاوسەرەکەی دەبێت و سەرپەرشتی خواردنیشی دەکرد و ماڵی تایبەت بەخۆی هەبوو، بەڵام جۆری دووەم هاوسەرگیریەکی تەواو نیە و ژنەکە هیچ مافی ئەوەی نیە کە داوای ماڵی سەربەخۆ بکات. لە جۆری یەکەمی هاوسەرگیریدا ژن دەتوانێت میرات وەربگرێت لەدوای مردنی هاوسەرەکەی، دەتوانێت سەرپەرشتی ومامەڵەبکات لە هەموو کاروباری خێزان و منداڵەکانیدا. جۆری دووەم هیچ میراتی ناکەوێت و ناتوانێت بەتەنها سەرپەرشتی ماڵومنداڵەکانیشی بکات.

زەردەشت خۆی سێ جار ژنی هێناوە کە ژنی سێیەمی ناوی هاوکافی بووە، لەکۆمەڵگای ئێرانی کۆندا فرەژنی شتێکی ئاسایی بووە. ئاڤێستا ئاماژە بەوە دەکات ماڵی خۆشبەخت واتە خانوی

گەورەی پڕ لە ژن لەگەڵ کەرەستەکانی گواستنەوە بەخێرای و پڕ لە فەرشی بەسەر یەکدا کەوتوو(Yasht ١٠،٠.٢ : ٣٠) پەیامی زەردەشت بۆ مرۆڤە هەژارەکان ئەوە بووە کە یەک ژنیان هەبێت.

زەردەشتیەت پێی وایە کە ژیانی هاوسەرگیری زۆر گرنگە لە بونیادی کۆمەڵگای تەندروستدا، چونکە ئاهورامەزدا داویەتی بەزەردەشت گرنگیەکی یەکجار زۆری داوە بە هاوسەرگیری لەپێناوی دروستکردنی منداڵدا، لە کتێبی ڤیدائید (بەشێکە لە ئاڤێستا) باسی هاوسەرگیری و پەیوەندیە جنسیەکان کراوە کە بەشێکن لە بەندایەتی. لەناو شەریعەتە کەهەنوتیەکان(لاهوتی) دا هاتووە کە دەستپەڕ هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و مرۆڤ بەرەو کافربون دەبات، دەبێت داوای لێخۆشبونی لەسەر بکرێت (٠٨:٢٧)، وە وای دادەنێن کە کارێکی نەشیاو و شازی(شذوذ) سەرجێگاییە (المثلية الجنسية)(٨.٣٢)، کە غەیری زەردەشتیەکانیش ئەم کاری ڕوتبونەوەیە بە لەدین وبەهەڵگەڕانەوەی دەزانن. ئەم کارانە بەکارێکی لەناوبەر و گەندەڵ و خراپەکار و لەناو چون و دەبێتە هۆکاری پیس بوونی ئاوو سەوزایی. پێویستە لەناو بڕێن هەروەک هەموو بونەوەرێکی خشۆکی زیانبەخش (١٨،٦١-٥) ڕێگا گرتن لەمنداڵ بوون و لەناوبردنی منداڵ لەسکی دایکیدا ڕێگەپێدراو نییە، هەمو کارێکی سەرجێی ڕێگەپێدراو نییە پێش تەمەنی ١٤ ساڵی (Videvddd 15 .9) لە زەردەشتیەت دا ڕێگەپێدراو نییە کە لەگەڵ ئافرەتی سکپڕدا کاری سەرجێی بکرێت،چونکە کار دەکاتە سەر شیری ئافرەتەکەو پێیان وایە کەوا کۆرپەکەی ناوسکی دەترسێت و کار دەکاتە سەر کۆرپەلەکە(Videvddd 15.8). منداڵ پشتوێنی

پیرۆز دەبەستێت بەناوی (کوسترا) لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە تەمەنی منداڵی تێدەپەڕێت و دەچیتە قۆناغی باڵغ بونەوە و لەناو کۆمەڵگادا بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ.

پرسیاری پێنجەم: هاوسەرگیری مەحرەم (زەواجی کچ و خوشک و دایک)

زەردەشتیەت هانی کۆمەڵگا دەدات کە جۆرە هاوسەرگیریەک بکەن کە ئەم هاوسەرگیریە لە ئیسلامدا پێی دەوترێت مەحرەم لە زەردەشتی دا پێی دەوترێت (xwēdōdah-)، ئەم هاوسەرگیریە لەنێوانی خێزاندا و کەسە نزیکەکاندا ڕوودەدات. هاوسەرگیری ڕێگا پێدراوە لە نێوانی خوشک و برا یاخود دایک و کوڕ وە هەروەها. ئەمەش مانای لیبرالیەت ناگەیەنێت، بەڵکو جۆرێکە لە کردەوەی چاک و خوا پەرستی لە زەردەشتیەتدا بەگەورە ڕاگرتن و ڕازی کردنی ئاهورامەزدایە، وەستانە لەگەڵ ئاهورامەزدا دا دژی هێزی شەیتانی کە لە زەردەشتیدا بە دێو ناونراوە یاخود بە خوای خراپە. گەورە پیاوانی ئایینیان هانی خەڵکیان داوە بە هاوسەرگیری لەنێوان یەک خێزاندا، لاسایی کردنەوەی دروستکەرە و بەرزیی دەگەیەنێت، بەخەڵکیان ڕاگەیناوە کە ئەم جۆرە هاوسەرگیریە دەبێتە هۆکاری بەهێزی پیاوان و ژنانی ڕێزدار، ئەم جۆرە هاوسەرگیریە دەبێتە هۆکاری خستنەوەی منداڵی تەندروست، بۆ پارێزگاری کردنی ڕەگەزی باش و بڵاوبوونەوەی. ئەمەش دیاردەیەکی باوبووە لەناو هەندێک لە گەلانی کۆنی ڕۆژهەڵات، بەتایبەت لەناو ئێرانی کۆن و میسر لە سەردەمی فیرعەونەکاندا.

یەکێک لە لێکۆڵەرەوەکان دەڵێت: هاوسەرگری مەحرەم زۆرترین گرنگی پێدراوە ئێرانیە کۆنەکانیش خۆیان سەریانسوڕ دەما لەم

دابونەریتە. لە ئێرانی کۆندا دەزگایەکی گەورە هەبووە بۆ بڵاوبونەوەی ئەم کارەوە دەقی پەهلەوی تا کۆتایی سەردەمی ساسانیەکان ماوەیەکیش دوای هاتنی ئیسلام باوبوە کە لە (کرمان، فارس) بەربڵاوبووە. زانا زەردەشتیە ئێرانیەکانی ئەم دواییانە هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئەم کارە بە دەزگا کراوەییەی زەردەشتیەتی سەردەمی ساسانی ڕەتبکەنەوە، لەکاتێکدا دەریایەك بەڵگە لەبەردەستدایە کە پێچەوانەی ئەو ڕاستیە دەکاتەوە، بەڵکو - بە پیرۆز و گەورە ڕایانگرتوە. لێکۆڵەرێکی ئەمریکی بەڕەگەز ئێرانی دەڵێت: خوا لەو بەرزیەوە ئاماژەی کردوە بەم جۆرە هاوسەرگیریەی نێوان مەحرەمەکان، بۆ ئەوەی ئەو بەربەستە دەرەکیانە نەمێنێت کە دژی ئەو کۆمەڵگایە هەیە بۆ هاندانیانە بۆ زیاد بونی مرۆڤەکان لەو کۆمەڵگایەدا وە ئامێرێکیش بێت بۆ بەرگری لە دین، بەڵام پێیان وایە هاوسەرگیری مەحرەم گرێ دراوە بە دیدو تێڕوانینی بەدیهێنەرەوە، بۆ ئەم ووتانەش پشتبەستراوە بە پەرتوکی ڕیوایەت (Rivāyat).

لە ئاڤێستادا سێ نمونەی هاوسەرگیری ڕۆشن کراوەتەوە بۆ ئێمە کە مرۆڤ سەرەتا چۆن دروست کراوە، نمونەی هاوسەرگیری یەکەمیش بریتیە لە خودی ئاهورامەزدا لەگەڵ کچەکەیدا بەناوی (ئیسپاندارماد) وە کورێکی لێی بووە بە ناوی کایومراد (Gayōmard) پاشان کایومردا هاوسەرگیری لەگەڵ دایکیدا کردوە و منداڵێکی لێبوە بەناوی ماسی (Mašī)، وە کچێکیشی بوە ناوی ناوە (Mašyānī)، هاوسەرگیری بەربڵاو بووە لەنێوانی خوشك و براکاندا کەلە ماسی و ماسیانی یەوە دەستی پێکردوە. وا ڕونکراوەتەوە کە ئاهورامەزدا خوای

زەردەشتیەت ئەم دروستکراوانەی کە دروستیکردوە لەم نمونە جوانانەوە دروستیکردن و هەموی لە خواوە نزیکن ناوی ناوە بە هاوسەرگیر مەحارم. پێناسە کردوە بەوەی کە ئەمە کارێکی زۆر گەورەیە کە هەرکەس بیکات، لە یەسنادا ٤٥.٤- (لێدوانی پەهلەوی لە ئاڤێستا)دا ئاماژەی زۆر کراوە بە هاوسەرگیری مەحارم. کە دەڵێن ڤاهو(Vohu) مینا کە کوڕی ئاهورامەزدایە هاوسەرگیریکردوە لەگەڵ خوشکەکەی بەناوی سپانتا ئەرمیاتی (Spəṇtā Ārmaiti) کە ئەمانە سەرەتای بەدیهێنەرەکانن. وا مەزەندە کراوە کە جۆری هاوسەرگیری لەگەڵ مەحرەم جۆری زۆر بووە و زۆر گرنگی پێدراوە. پێیان وابووە کە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەرمان و چارەسەری هەمو دەردێکە، تەنها نێربازی نەبێت، دەڵێن ژن و مێردایەتی خوشك و برا شەیتان دەردەکات. ئەمەش بەڕونی و ئاشرایی لە دەقەکانی ئاڤێستادا هەیە. ئەم دەقەش لەکتێبی (أحكام روح العقل- فصل من أفيستا) لە دەقە ئاڤێستاییەکەدا زەردەشت پرسیار لە ئاهورامەزدا دەکات لەگەورەترین و چاکترین کاری خێر، ئاهورامەزداش چەند کردەوەیەکی چاکی بۆ بژارد. لەچوارەمیاندا ئاهورامەزدا پێی ووت هاوسەرگیری نزیکەکان لە خوێنەوەیە، هەرچی دەرد و نارەحەتی و نەخۆشییە نایهێڵێت، هەندێك کاریتریشی بۆ هەژمار کرد لە گرنگترینیان (المخلّ في زواج أقرباو الدم). ئەم هاوسەرگیری مەحرەم لە چینی پیاوماقوڵانەوە دەستپێکردوە، پاشان بڵاوبۆتەوە لەناو هەمو چین و تویژەکانی گەلدا. زۆرێك لە پیاوە دەسەڵاتدارو بەناوبانگەکانیان ئەم جۆرە هاوسەرگیریەیان کردوە،کامبیز خوشکەکەی خۆی هێناوە بەناوی ئاتوسا، دارای دووەم خوشکەکەی خۆی هێناوە.

بەهمەن هاوسەرگیری لەگەڵ کچەکەی خۆیدا کردوە بەناوی خەمانی، بۆیە شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە کە بڵاوبۆتەوە بەناو هەمو چین و تۆێژەکانی گەل دا لەکاتێکدا کە لاسایی کردنەوەی پیاوانی گەورەی کۆمەڵگاکەبووە. ئەم جۆرە هاوسەرگیریە زۆر خۆشەویستبووە لەلایان بەتایبەتی هاوسەرگیری نێوان خوشك و برا. مێژوونوسان گێڕاویانەتەوە لەبەشێك لە پەرتوکی "قانون سریانی"، لە نوسینی (ماربها) کە سەردەمی کیسرای یەکەم ژیاوە دەڵێت: (دادەپەروەری لەسەردەمی بەندەکانی ئاهورامەزدا دا زۆر سەیرو سەمەرە بووە، کە پیاو دەتوانێت لەگەڵ دایك و خوشك و کچی خۆیدا شەهوەتەکانی بەتاڵ بکاتەوە).

پرسیاری شەشەم: ئایا زەردەشت پێغەمبەرە و بیروباوەڕەکەی یەکتاپەرستی بووە؟

لێکۆڵەرەکان پێناسەیەکی وردمان بۆ دەکەن و دەڵێن: زەردەشتیەت لە ڕوی بیرو باوەڕەوە بڕوای بەیەکتاپەرستی جۆری خواکان هەیە "توحید مقید بالثنویة"، واتا جۆری خواکان لە چاکە و خراپە لە نێرو مێ، لە تاریکی و ڕوناکی. وەهەروەهالەبەر ئەوەی خوای بەرزیان ئاهورامەزدا لەگەڵ ئەوەی کە دروستکەری گەردونە، بەڵام دەسەڵاتی تەواوەتی نیە و لە ڕاستیدا دەسەڵاتی سنوردارکراوە بەگوێرەی پەیامەکانی زەردەشت. لە سەرەتادا ململانێ لەنێوانی ئاهورامەزدا و ئەنگرا مانیو (Angara Mainyu) کە ئەم ململانێیە بەدرێژای هەزاران ساڵ هەبووە لە نێوانیاندا وە ئەزەلیە. ئاهورامەزدا بەدیهێنەری گەردون و ڕۆحی پاکە (ئاشو)، بەڵام ئانجرا مانیو (ئەهریمەن) چوەتە ناو گەردون و بەبێ ئاگاداری ئاهورامەزداکاری خراپەی دروست کردوە تا

ئەوکاتەی کە زەردەشت لەدایك بووە.زەردەشت کاریگەری بیروباوەڕی هندیە کۆنەکانی لەسەر بووە وە ئاگاداریش بووە بەسەر ئاینە هندیە کۆنەکانەوە ئەمەش لە پەرتوکی ریغ ڤیدا ئاماژەی پێکراوە کە ڕۆحی گەورە ئاشورا خاوەنی هێزی ئەقڵە، بەڵام ڕۆحی پیس (درویوف) خاوەنی هێزی جەستەییە. لەدوای ئەم قۆناغە پارسەنگی ئەم جەنگە بەلای ئاهورامەزدا دا دێتەوە، زەردەشت پێی وایە کە ئاهورامەزدا سەردەکەوێت بەسەر دوژمنەکانیدا لە جەنگێکی یەکلاکەرەوەدا، هەموو خراپەکاری لەناو دەبات، سەرلەنوێ سیستەمی گەردون دەگەڕێتەوە، ڕێکخستنێك لەنێوانی ئاسمان و زەویدا دروست دەبێت.

دانشمەند ولێکۆڵەرەوە دوکتۆر فرست مرعی شارەزایەکی بەریتانیە لە کاروباری ئێرانی کۆندا بۆمان دەگێڕێتەوە: (ئایینی زەردەشتی بەهیچ شێوەیەك بونیاد نەنراوە لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی، چونکە لەسەردەمی ساسانیەکاندا قبوڵی یەکتاپەرستی کراوە بەهۆکاری نفوزی ئاینەکانە گەورەکانیترەوە وەك ئاینی مەسیحی.) ئایا زەردەشت ئیمانی هێناوە بە خوایەکی تاك و تەنها؟کە پێی وابێ خوا سەرەتایە و کۆتاییە، لەکاتێکدا ئەو شەڕیشی بەگەورە ڕاگرتووە. تەنانەت لێی ترساوە و کردویەتی بە شەریکی خوای گەورە لە دەسەڵات و سەروەتیدا؟ بەرزیی داوە بەهێزی شەڕ یاخود بە شەیتان؟ ئەمەش لەیەکێك لە پەرتوکەکاندا دەبینرێت، کە ئاینی زەردەشتی تیکەڵ بووە بە ڕاستی و نادروستی. بەڵام دوکتۆر مرعی پێی وایە زیاتر بەلای ئەوەدا دەشکێتەوە کە زەردەشت دورە لە یەکتاپەرستیەوە، بەڵکو ئاینی زەردەشتی ئاینێکی دوو خواییە (الثنوية).

بەم شێوەیە زۆرێك لەو كەسانەی كە تایبەتمەندن لە ئاینی زەردەشتیدا پێیان وایە كەوا جیهان دابەش بوە لەنێوان دوبەشی گەورەدا، بەشی یەكەمیان ڕوناكی و بەشی دوەمیش تاریكیە، یاخود جیهانی چاكەو خراپە. پێیان وایە ئەو خوایەی خوای نورە كۆتایی نییەو ڕوناكی ئاسمان و زەوییە، ئەویتریشیان پێچەوانەكەی كە شەیتانە

دانشمەند الشفیع الماحی: پێیوایە كە لەبنەڕەتدا ئاینی زەردەشتی ئاینێكی یەكتاپەرستی بووە، بەهۆكاری ئاینە هندیەكان كاریگەری لەسەر دروست بووە و یەكتاپەرستی لەدەست داوە و بووە بە پنویە، فریشتە نزیكەكان بەهەڵە وەك خوایان لێهاتووە، ئەمەش لە بیروباوەڕی ئاینی ئێرانیە كۆنەكان تێكەڵ بە زەردەشتیەت بوە.

زەردەشتیە هاوچەرخەكان لە هندستان و ئێران و دەرەوەی ووڵات و هەندێك نوخبەی كوردی كە كاریگەری ڕۆژئاوایان بەسەرەوەیە و هەڵگەڕاونەتەوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بانگەشەی ئەوە دەكەن كە ئاینی زەردەشتی ئاینێكی یەكتاپەرستی تەواوەتیە.

هەروەك چۆن دوكتۆر علی شریعتی (دەرچو و مامۆستا بووە لە زانكۆی سۆربۆنی فەرەنسی) دەڵێت و هەروەها جورەیج سیفج ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵەندی، كە نوسەری مەوسوعەی كامبریج لە تاریخی ئێرانی كۆندا دەڵێت: ئەو بانگەشانە هیچ پەیوەندی نە بە ئاقێستاوە هەیە نە بە پیادەكەرانی ئەم دینە لە كۆن و نوێ دا لەڕووی زانستی و میژوویشەوە. ئاكاری یەكتاپەرستی چۆتە ناو ئاینی زەردەشتیەوە لەڕێگای دینە ئیبراهیمیەكانەوە (یەهودی و ئیسلام و

مەسیحی). علی شریعتی هەمان قسە دەکاتەوە و هەندێکی بۆ زیاد دەکات و دەڵێت: زەردەشتیە هاوچەرخەکان پێیان وایە کە فەلسەفەی پنویەکان پشت بە زانست و واقیع بینی نوێگەرایی نابەستێ لەبەر ئەوە هەوڵ نەدەن کە یەکتاپەرستی زیاد بکەن لەناو دینەکەیاندا

لەسەردەمی هەخامەنشینەکاندا لەدەسەڵاتی خیرخیسی دووەمدا سەرلەنوێ گرنگی درایەوە بە خوا کۆنەکان، وەک نمونەی میترا و ئاناهیتا، کە پێشتر زەردەشت قەدەغەی کردبوو تەنها دەبوو بەندایەتی بۆ ئاهورامەزدا بکرێت، هەروەها لە یەسناکە بەشیکی ئاڤێستایە لەدوای زەردەشت نوسراوەتەوە، کە خوای تەواوەتی و یەکتاپەرستی کە زەردەشت ناسیویەتی هاوبەشێکی هەیە کە ناوی میتراو ئاهورامەزدایە، تەنانەت خواکەیان خاوەنی پێنج ئافرەتە بەناوی ئاهوریان، هەروەک ئارز سیز زاینر دەڵێت:زەردەشتیەت گەڕایەوە بەشێوەیەک کە لەسروشت و خواستی ئێرانیەکان دەیانویست، هەروەک خوای هیندیەکان وابوو بەناوی ریغ فیدا : خوای فارونا و هاوبەشکەی میترا، لیرەدا ئەگەر تەماشا بکەین هەمان بیروباوەڕ دووبارە بۆتەوە لای زەردەشتیەکان کە میتراش بۆ خۆی خوایەکی سەربەخۆیە و پاشان خوای ئاهورا یان ئاهورامەزدایە خوایەکی ترن بوونیان هەیە .

موبلغی ئابدانی دەڵێت:ئەگەر تەماشای گاتاکان بکەین کە بەشێکی سەرەکی و بنەڕەتی ئاڤێستای زەردەشتە، دورکەوتنەوەیەکی زۆر هەیە لە ئاینی یەکتاپەرستی و هیچ پەیوەندیەکی بە یەکتا پەرستیەوە نامێنێت تزیك دەبینەوە لە فەلسەفەو ئاینی پنوییەکان، دەبینی سەرەتا پەروەردگار خوایەکی خاوەن سیفاتی تەواوەتی بووە

دروستکەرو بەدیهێنەر بووە لە هەموو شتە پاك و پیسەکانی ناو گەردون، خۆی خاوەنی هەمووی بووە، بە گوێرەی قۆناغەکان و کات ئەم پەروەردگاریەتیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، نیوەی دەبێتە خوایەکیتر و هەوڵی ململانێ ئەدات بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی دروستکراوەکانی بگرێتەوە لە بەڕێوەبردن و بەدیهاتنیان، تەنانەت لە سەردەمی ساسانیەکاندا خواکەیان بەلاشەیی دەکرێت و دابەش دەبێت بۆ دو خوا. خوای خێرو چاکەو ئەویتریش خوای شەڕو خراپەکاری، ئیتر لێرەوە ئاینی زەردەشتی دەڕوات بەرەو ئاینیکی کەهەنوتی و موغەکان بێجگە لەوەی کە تێکەڵ بوە بە ئاینو فەلسەفەی پانویەکان .

پرسیاری حەوتەم : ئایا زەردەشتیەکان خاوەن پەرتوکی ئاسمانین؟

زۆریك لە زانایان ڕای جیاوازیان هەیە بۆ هەڵسەنگاندی زەردەشتیەت لەم بارەیەوە، ئایا ئەم ئاینە لە ئاسمانەوە هاتووە پێغەمبەریان هەیە و دوایی دەستکاری کراوە وشیوێنراوە؟ ئەمەش دوو ڕای لەسەرە: **ڕای یەکەم** و زۆرینە لەسەر ئەوەن کە ئەم کۆمەڵە هیچ پەیوەندیان بە ئەهلی کیتابەوە نیە، هەروەك زانایان کە ئاماژەیان بۆ کردوە. وەك ئیبنو قەیم و ئیبنو قودامەوە قورطبی، ئەمەش زۆرینەی ئەهلی سەلەف لەسەر ئەم ڕایەن، بەڵام مامەڵەیان تەنها وەك جزیە لەگەڵدا کراوە، وەك ئەهلی کیتاب. دکتۆر ناصر عبد الکریم العقل دەڵێت: لە ڕاپەسەندەکاندا ئەوەیە کە زەردەشتیەت لە ئەهلی کیتاب هەژمار ناکرێن، لەژێر ڕۆشنایی قورئاندا پێیان دەڵێت کە هیچ پەیوەندیان بە ئەهلی کیتابەوە نیە: خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلْمَجُوسَ وَٱلَّذِينَ أَشْرَكُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴿١٧﴾ ﴾ (الحج : ١٧)

واتە: بەڕاستی ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە و ئەوانەش کە بوونەتە جولەکە، لەگەڵ صابئەکاندا کە فریشتە پەرست؛ یان ئەستێرە پەرستن و گاورەکان و ئاگرپەرستەکان و ئەوانەی کە هەوەڵایان (بۆ خوا) بڕیارداوە، بێگومان خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا جیایان دەکاتەوە لەیەکترو بڕیاری خۆی دەدات لەسەریان، بەڕاستی خوا شایەتە بەسەر هەموو شتێکەوە.

هەروەها لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾ (البقرة : ٦٢)

واتە: بێگومان ئەوانەی باوەڕیان هێناوە (لە ئومەتی محمد)، ئەوانەش بوونەتە جوولەکە (شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی موسان)، گاورەکانیش (کە شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی عیسان)، (صابئە)ش (کە شوێنکەوتەی ڕاستەقیەی داودن)، ئەوانە هەر دەستەیەکیان باوەڕی دامەزراوی هێنا بێت بەخوا و ڕۆژی دوایی و کارو کردەوەی چاکەی ئەنجام دابێت، جا ئەوانە پاداشتیان لای پەروەردگاریانە، نە ترس و بیمیان دەبێت، نەغەم و پەژارەش ڕوویان تێدەکات.

پاشان لە جێگایەکی تریشدا ئاماژەی بۆ کردوە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾
(المائدة: ٦٩)

واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە (لە ئوممەتی محمد (صلى الله عليه وسلم) و ئەوانەی کە بوون بە جولەکە و ئەوانەی صابئەن (فریشتە پەرست و ئەستێرە پەرستن) و گاورەکان، هەر یەک لەو دەستەو تاقمانە ئەگەر باوەڕی دامەزراو بەخواو بە ڕۆژی دوایی بهێنێت، وەکارو کردەوەی چاک و دروست و بەسوود ئەنجام بدات، ئەوانە نەترس و بیم یەخەیان دەگرێت، نەخەم و پەژارە ڕوویان تێدەکات (کاتێک لەبەر ڕۆشنایی قورئانەوە ئەو باوەڕە دەهێنن).

ئەم ئایەتانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە هیچ پەیوەندیان بە ئەهلی کیتابەوە نیە، کاتێک خوای پەروەردگار باسی پاداشتی ئیمانی و کردەوەی چاکی کردوە، باسی مەجوسی نەکردوە. مەجوسیەکانو زەردەشتیەکان لە ئەهلی کیتاب نین . کاتێک کەناویان هاتوە جیاکراونەتەوە لە نێوانی ئەهلی کیتابو مەجوس و هاوبەش دانەرەکاندا، بەڵکو هاوبەشدانەرەکانو مەجوسەکان ناویان بەیەکەوە هاتووە لەیەکەوە نزیکبون بە ئەهلی کیتاب هەژمارناکرێن.

رای دووەم: هەندێک لە زانایان دەڵێن ئەمانەش هەر بە ئەهلی کیتاب ئاماژەیان بۆ کراوە، بەڵام ئاینەکانی خۆیان دەستکاری کردوە

و شێوێنراوە، بەڵگەش بۆ ئەم رایە ئەوەیە: لە کتێبی صحیح بوخاریدا هاتوە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی: مامەڵەی ئەهلی کیتابیان لەگەڵدا بکەن، لەسەردەمی عومەردا هەمان مەمەڵەیان لەگەڵدا کراوە پاشان لەسەردەمی عەلیشدا ڕەزامەندی خوا لە هەردووکیان بێت، که جزییەن لێوەربگرن (ورد فی صحیح البخاری أن النبي صلی الله علیه وسلم قال: سنوا بهم سنة أهل الکتاب.، کما استدلوا بأخذ عمر بن الخطاب وعلی ابن أبی طالب رضي الله عنهما الجزیة منهم) ئەو زانایانە پەنایان بۆ ئەم بەڵگەیە بردوە کە رای زۆرینە پەسەندی ناکەن و ڕەتیان کردۆتەوە کە ئەهلی کیتاب بن . شهرستانی لە کتێبی الملل والنحل دەڵێت: ئەمانە گومانیان لەسەرە کە ئەهلی کیتاب بن، لە باس وخواستەکانی مەجوسدا باسی کردوە و دەڵێت : ئەمانە لەسەر دووبنەما دامەزراون : ئەویش تاریکی و ڕوناکییە.

کاتێك موسڵمانان وواڵاتی فارسیان فەتح کرد کۆمەڵێك ئەهلی کیتاب لەسەر بیروباوەڕی خۆیان مانەوە، موسڵمانانیش مامەڵەیەکی بەبەزەییانەیان لەگەڵدا کردن وزۆر میهرەبانە لەگەڵیاندا ژیان و بەوپەڕی حوورمەتەوە مامەڵەی لەگەڵیانداکرد. لە ژێر سایەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا مانەوە، موسڵمانیش لەسەر بنەمای قورئانی پیرۆز مامەڵەی لەگەڵدا کردن و بەچاوێکی بەخشندەیی و میهرەبانانەوە. ئایەتی قورئانیەکانیشلەوەباریەوە یەکجار زۆرە نمونەیەك لە ئایەتە پیرۆزەکانی خوای پەروەدگار کە لەم باریەوە دەفەرمووێت:

﴿ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾ إِنَّمَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ

قَٰتَلُوكُمْ فِي ٱلدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ وَظَٰهَرُوا۟ عَلَىٰٓ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٩﴾ ﴾ (الممتحنة : ٨،٩)

واتە: دڵنیاش بن کە خوا جڵەوگیری نەوەتان لێناکات کە چاکەفتارو دادپەروەر بن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە جەنگیان دژ نەکردون و دژایەتی ئاینیان نەکردون و لە شوێنەوارتان دەریان نەکردون، چونکە بە ڕاستی خوا دادپەروەرانی خۆشدەوێت. بەڵکو خوا تەنها قەدەغەی ئەوەتان لێدەکات کە پشتیوانی بکەن لەوانەی کە جەنگیان بەرپاکرد دژی ئاین و دەریانکردن لە شوێنەواری خۆتان، وە زۆر بە زەقی دەوریان هەبو لە دەرکردنتاندا، جا ئەوەی پشتیوانییان لێ بکات بەڕاستیی ئائەوانە لە ڕیزی ستەمکاراندان. هیچ کات موسڵمانان لەناو مەجوسەکاندا زۆریان لێنەکردن کەدەبیت ئیسلام وەربگرن وفیر بن، بەڵکو بە هێمن و هەست کردن بەلاوازی ئەوان مەمەڵەیکرد لەگەڵیاندا و برسیەکانی تیرکردنو روتو رەجاڵەکانیانی داپۆشی وکەسیانی توشی ئازارو ناڕەحەتی و دەربەدەری نەکردن، هەر ئەمەش بوو، بوە هۆکاری ئەوەی کە زۆربەیان بێنە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە ئارەوزو و ویستی خۆیان.

لەدوای دوو سەدە لە فەتحی ئیسلامی ئاتەشگا و ئاینی زەردەشتی هەر مابونەوە، ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ئازادی لە ئاینی ئیسلامدا، ئیسلام ئەو مەبدەئەی پاراستوە کەدەبێت ئازادی ئاینەکان پارێزراوبێت، پاشان زەردەشتیەکان خۆیان وردە وردە لە ناوچون و کۆتاییان پێهات لە ئێراندا لەسەردەمی صەوفەویەکاندا، پاشان دەوڵەتی ئیسلامی لەسەردەمی صەفەویدا بووە دەوڵەتێکی شمولی وەک دەوڵەتی ساسانیەکان، بەمانایەکیتر بووە دەوڵەتێکی پیوقراگی

واتا دەوڵەتی ئایدۆلۆژیای دینی. تا ئەوکاتەش دەوڵەتی ئیسلامی هەر لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین هەر دەوڵەتی مەدەنی بووە، وەك ڕۆژهەڵاتناس بانارد لویس ناوی لێنابوو دەوڵەتی بیرۆکراسی، لەڕاستیدا زانایانی ئاینی لەهەوڵ و خزمەتکردنی دەوڵەتەکەیاندا بوون، هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو بەسەر خەلیفەکاندا.

ئاین لەوسەردەمدا دامەزراوەی خۆی هەبووە، کاری لەسەر چاکەو خێرو خێرات کردوە، وەك لەسەردەمی ئێستاماندا ناونراوە بە ڕێکخراوە مەدەنیەکان. دەوڵەتی صەفەوی شیعەنشین، هەموو کەمە ئاینەکانی هەڵکەند و بەئاگرو ئاسان ئازاری دەدان لەوانە زەردەشتیەکان و پاشان ئەهلی سوننەتیش بەدەستی صەوفەویەکان ئازار دەدران و لەناو دەبران، ئەگەر لەناو خولەفاکانی عەباسیدا ئەگەر دژایەتیەکی ئاینی زەردەشتیش هەبوبێت ئەوە زۆر بەکەمی وتەنانەت بەشاز دەرکەتووە، چونکە مامەڵەی ئەهلی کیتابیان لەگەڵدا کراوە، ئازادی تەواوەتیان پێدراوە لە بەندایەتیو چالاکیەئاینیەکانی خۆیاندا، ئەگەر تەماشای هەموو دەورانی میژووی خیلافەتی ئیسلامی بکەین دەبینین مامەڵە و کرداری لەگەڵ ئاینەکانیتردا هەمیشە پێشکەتوو سەردەستە بووە لە پاراستنی ئازادیەکانی کەمە ئاینەکانیتردا،لەهەموو میژووی مرۆڤایەتیدا ئەگەر پێوەر بکرێت بەهەر میژوویەکیتری جیهان، هەموو ئەو بانگخوازانەی کە لەگەڵ فەتحی ئیسلامیدا چونەتە ئەو جێگایانەوە، خۆیان بە عەرەب نەناساندووە، بەڵکو هەموو خۆیان بە موسوڵمانی فاتیح ناساندووە. ئەوەشی کەدەڵێن شارستانیەتیان تێکداوە ئەوە ڕایەکی زانستی نیە و قسەی پڕوپوچە کە هەڵبستراون،

لەسەردەمی عەباسیەکاندا زۆرێك لە زانایانی زەردەشتی خەریکی چالاکی خۆیان بوون لە هۆنراوە و کارە فیکریەکانیاندا دەستیان هەبوو لە دامەزراندنی ژیار و شارستانیەت لە ئێران و عێراقدا.

دکتۆر عەلی شەریعەتی دەڵێت: ڕاستی ئەوەیەکەبڵێین ئیسلام پێویستی بەوە نەبووکە زەردەشتیەت لەناوبەرێت و سەرکۆنەی بکات، بەڵکو ئاینی زەردەشتی خۆی بوبووە هۆکاری دەست درێژی و خراپەکاری لەسەردەمی ساسانیەکاندا، ئەو ماوەیە هاوشێوەی پیاوانی ئایینی کەنیسە لە ئەوروپادا ڕەفتاری دەکرد و خەڵکیان بەکار دەهێنا بۆ مەرامەکانی خۆیانو زیدەڕەویان دەکرد لە دەسەڵاتیاندا لە خراپەکاریدا، تەنانەت لە روی رۆحیشەوە هەروابوون. ئاینێکی چەق بەستوو، دوور لە ئازادیەکانیان بۆ خەڵکی دەستە بەر کردبوو، تەنانەت مەسیحەکان توانیبویان بڕۆنە ناو زەردەشتیەکانەوە بەهۆی دەسەڵاتی چەوتی پیاوانی زەردەشتی، خەڵکی زۆربەی زۆری ببنە مەسیحی و تەنانەت خانەوادەی ناوداڕەکان بوبونە مەسیحی، ئەودەمە سەنتەری کەنیسەی ڕۆژهەڵات لە سەلمان باك بووە کە پایتەختی هاوینەی دەوڵەتی ساسانی بوو .

لێرەدا کۆتای بە وتەکانمان دەهێنین بە وتەیەك : کە زەردەشتیەکان وەك ئەهلی کیتاب لەلایەن موسڵمانانەوە مامەڵیان لەگەڵدا کراوە وەك جزیە دان، بەڵام ئافرەتیان و خواردنیان حەرام بووە لەلایەن موسڵمانەوە، بە پێچەوانەی یەهود ونەصاراکانەوە، واتە ئافرەتانی زەردەشتی حەرام بووە شووبکەن بە موسڵمانانوە بە هیچ جۆرێك ئافرەتی موسڵمان نابێت خێزانی زە ردەشتی بێت. لێرەدا بە کورتی و پوختی دەڵێین :

نوخبەی کوردی هەمان کێشەی نوخبەی گەلانی چواردەورمانیان هەیە لە دۆزینەوەی ناسنامە، دەیانەوێت زۆر بەسادەو ساکاری خەڵکی چەواشە بکەن کە زەردەشتیەتیان پێبفرۆشنەوە بەڕێگایەکی رۆمانسی، بۆ دورخستنەوەیان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام، بەو دید و تێڕوانینەی کە گوایە زەردەشتیەت ئاینی رەسەنی کوردیە، لەکاتێکدا هەموو بیرمەندانو لێکۆڵەرەوەکان ئەوە دەزانن کە ئاینی زەردەشتی ئاینی رەسەنی فارس بوو، لە ئیستاو کۆنیشدا. لەڕاستیشدا بەڵگە نەویستە کە کۆمەڵێك هەڵساون بەکاری ئێرانیەکان بۆ بڕەودان بە زەردەشتیەت، چونکە ئەمەش وا دەکات کە یەکریزی نەتەوەکەمان و بیروباوەڕیان تێکبدەن، لێرەدا پێویستە و وایدەبینم کە دەزگا حکومیەکان هەڵسن بەکارو ئەرکی سەرشانیان بۆ پاراستنی بیروباوەڕی گەلی کورد، وە لەهەمانکاتدا پێویستە زانایان و بانگخوازان هەڵسن بە کارو ئەرکی سەرشانیان لەبەرامبەر ئەم چەواشەکاریو موئامەرەیە کەدەکرێت بەگرنگ لێی بڕوانن و لەسەری هەڵوێستە بکەن.

بەشی دووەم

ڕەگی زەردەشتیەتی سیاسی
لە گوتاری بزاڤی سیاسی و ئەدەبی کوردیدا
بە نموونەی (کاژیک) و(ڕوانگە)

پرۆفیسۆری هاریکار
سەلام ناوخۆش

دەروازە

گەر تەواو بۆ دواوە بگەڕێینەوە دەتوانین بێژین چەمکی "زەردەشتیەتی سیاسی" هەر لە سەردەمی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ساسانی پەیدابووە،چونکە ئایینی ڕەسمی دەوڵەت هەڵگری گوزارشت لە بە سیاسی دیتنی ئایینە، نەك پەروەردەکردنی تاك لە سەر پرانسیپەکانی ئایینی زەردەشتی. لە سێ قەومی هاوسێی یەکتر (میدی، فارس، ئەشکانی) تەنیا میدی و فارس لە سەر دینی زەردەشتی بوون، بۆیە دوای کودەتای کۆرش - هارپاك لە سەر دوای پاشای میدی لە (٥٤٩ پ.م)، میدیەکان (کوردەکانیش) دوای ئەو هەرەسەوە تەنیا لە ڕێگای بە ڕەسمیکردنی زەردەشتیتەوە، ئایینی زەردەشتیەتی لا زیندوکراوەتەوە.

لە لایەکی دی بزاڤی سیاسی کوردی لە بیستەکانی سەدەی بیستەوە تا حوکمڕانی کوردی ناسیۆنالیستی (کوردایەتی) یا مارکسی بووە. زەردەشتیەتی سیاسی دینەمۆ وهەڵگری ئەو دوو ڕەوتە بووە لە دوو بزاڤی (کاژیك) و (ڕوانگە)دا.

ناونیشانی توێژینەوە :

زیندوکردنەوەی زەردەشتیەتی سیاسی لە هەرسێ سەدەی ١٩، ٢٠، ٢١ لای توێژی عەلمانی کورد، بە تایبەتی سەدەی بیستەم ناچارمان دەکات ناونیشانی توێژینەوەکە لە بارەی "زەردەشتیەتی سیاسی لە گوتاری بزاڤی سیاسی و ئەدەبی کوردی باشوور" بێت.

کێشەی توێژینەوە :

دەبێ ئاڕێشەیەک لە هەناوی ناونیشانەکە هەبێت تاکو توێژینەوەکە تاوتوێی بکات. ئەو زەردەشتیەتەی توێژی ناسیونالیست و مارکسی کورد بانگەشەی بۆ دەکات، نابێ مەبەست لێی "دینداریی" بێت، چونکە لای مارکسیزم "دین ئەفیونی گەلانە". لەو ڕوانگەوە درک بە هەبوونی کێشەیەک لە هەردوو بزاڤی (کاژیک) و(ڕوانگە) دەکرێت بۆ وروژاندنی "دینێکی کوردی" بە تامی ناسیۆنالیستی عەلمانی یا مارکسی.

ئامانجی توێژینەوەکە :

توێژینەوەکە سێ ئامانجی سەرەکی هەیە، کە بریتین لە:

١- هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی زەردەشتی تێکستی (دینداری - میدیا) لە زەردەشتی سیاسی (ساسانی)،

٢- شرۆڤەکردنی زەردەشتیەتی (کاژیک) و (ڕوانگە) وەک بەشێک لە زەردەشتیەتی ساسانی، نەک دینداری میدیا.

٣- ونبوونی پرسی نەتەوەیی لە زەردەشتی تێکستی (کوردی) و دۆزینەوەی ڕەگی زەردەشتی سیاسی لە بزاڤی (کاژیک) و (ڕوانگە).

گریمانەکانی توێژینەوە :

توێژینەوەکە چەند گریمانێك لە خۆ دەگرێت:

١- زەردەشتیی سیاسی ئیلاهی نییە، بەپێوەری پەیامی جیهانی، پەیامی لۆکەلی هەڵدەوەشێنێتەوە.

٢- ئەو زەردەشتیەی لە کوردستان هەیە، زەردەشتی ساسانییەکانە، کە لە ڕێگای ئایینی ڕەسمی دەوڵەت سەپێندراوە، نەك میدیایەکان.

٣- بانگەشەی زەردەشتیە نوێیەکان سیاسییە نەك دینداریی.

پرۆسیجەرەکانی توێژینەوە :

ئاوتلاینی توێژینەوەکە لە دوتوێی دوو بەشدا چڕکراوەتەوە. لە بەشی یەکەمدا بە دیدێکی شیکارییانە تاوتوێی جیاکردنەوەی هەردوو فۆرمی (زەردەشتی دینداری) و (زەردەشتیەتی سیاسی) کراوە بۆ دۆزینەوەی شوناسی زەردەشتیەتی تازەی باشووری کوردستان. لەم بەشەدا ڕووداوی مێژوویی حزووری هەیە لە شیکاریەکەدا.

لەبەشی دووەمدا پاش دۆزینەوەی شوناسە کەلتووریەکە، نەك ناسیونالیەکە، قسە لە سەر پرسی ئەم شوناسە لە دوو بزاڤی ناسیونالی و مارکسی کراوە ئەویش حیزبی (کاژیك)ی ناسیۆنالیە کە لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەم سەریهەڵدا هەروەها بزاڤی ئەدەبی - سیاسی (ڕوانگە)یە، کە لە منداڵدانی حوکمداری کوردی ١٩٧٠-١٩٧٤ بە تامی ناسیونالی و مارکسی سەریدەرهێنا.

بەشی یەکەم

زەردەشتیەت لە نێوان دەسەڵاتی میدی و دەسەڵاتی ساسانی

پێش دەرکەوتنی زەردەشتی ئیلاهی و زەردەشتی سیاسی، ئایینی تر لە نێو ئارییەکان هەبوو .شوکر مستەفا ٢٠٠٦، لە ل٤١ ی سەرچاوەکانی بیروباوەری کوردستان دەنووسێت: "نەتەوە ئاریاییەکان یەك ئایینیان نەبوو، ئایینی ئێرانییە کۆنەکانی پێش زەردەشت، میهر یا میتراپەرستی بوو. میترا چاوی ڕۆژە و چاوێریی هەموو چتێکی ڕووی زەوین دەکا..."

کە باس دێتە سەر (زەردەشتی تێکستیی) مشتومڕێك لە توێژەران دروست دەبێ زۆربە ئەو جۆرە زەردەشتیە دەگەڕێننەوە بۆ سەدەی حەوتەمی پێش مەسیح، واتە لە ناو حوکمڕانی میدی، لەوانەی ئەم ڕایەیان هەیە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی، ل٩٨٧ هەروەها تۆما بوا لە ل١١٢ی کتێبی الکرد دەنووسێت: "زەردەشت لە ماوەی ٦٦٠-٥٨٣ ی پێش مەسیح ژیاوە.

بەشێکی تر ئەو جۆرە زەردەشتییە دەبەنەوە زەمەنی حوکمرانی داریوش. سدیق بۆرەکەیی٢٠٠٨ لە ل١٠ی بەرگی یەکەمی "میژووی ویژەی کوردی" دا دەنووسێت: " - هرتل - لای وایە کە زەردەشت لە دەوری - ویشتاسپی هەخامەنشیدا لەدایك بووە و لمان هاوپت بیرەڕای ئەوەیە کە زەردەشت لە زەمانی داریووشی هەخامەنشیدا سەری هەڵداوە". لە نێوکوردانیشدا شوێنەوارناسێکی وەك دڵشاد زاموا ٢٠١٦ لە ژێر کاریگەری نووسینە حەکایتخوازیەکەی مەجلیسان لە "بێستوون"، داریوش بە هەڵە بە یەکەم ئاهورامەزدا پەرست دەزانێت.

لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بۆچوونەی دەڵێین : چ لۆژیکێك قەبوڵی ئەوە دەکات لە ماوەی ٥٥٠ پێش میلاد زەردەشتیەت بوونی نەبووبێت، داریوشی ئەخمینی - ٥٢٢ پ.م بێتە سەر حوکم و پەیڕەوی زەردەشت بکا و بڵێ من یەکەم ئاهورامەزداپەرێسم!!! بە گریمانی زاموا لە دوای ٥٥٠ پ.م زەردەشت پەیابووە و مردووە بۆیە داریوشی ئەخمینی دەڵێت : من یەکەم ئاهورامەزداپەرێسم، ئەی خودی زەردەشت چەندەم ئاهورامەزدا پەرێس بووە؟؟ کامەیان پێشتر بووە؟ دەبێ (داریوش) حوکمدار و بکوژ پێش زەردەشتی پێغەمبەر و لێبوردەخواز ئاهورامەزدا پەرێس بووە؟؟!، زەردەشتیش دوای داریوش کەوتبی؟؟؟

ڕای سێیەم هەیە کە زەردەشتی تێکستی زۆر لە میدی و ئەخمینی دوور دەخاتەوە، کەسێکی وەك (دالای پارس)ی لای وایە زەردەشت لە ١٠٠٠ بەر لە زایندا لەدایك بووە (بۆرەکەیی،ل١٠) هەروەها ماری بۆیس٢٠١٠ لە ل٣٠ی تأریخ الزرادشتیەدا دەنووسێت زەردەشت لە سەدەی پازدە و دوازدەی پێش میلاد ژیاوە.".

ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیە کاری لە سەر دەکەین، ڕایەکەی یەکەمە لەبەر ئەم هۆیانە :

١- لە ل٧٦ چاپی کوردی میژوو هێرۆدۆت دەڵێت: کە ئەستیاك خەونکی سەرنجڕاکێش دەبینی، ئەم خەوەی بۆ یەکێك لە موغەکان گێڕایەوە."

هەبوونی (موغ: ماگوس) دەلالەت لە هەبوونی زەردەشتیەت دەکات هەروەها بوونی موغ لە سەردەمی ئەستیاگ بەڵگەیە لە سەر هەبوونی زەردەشتیەت بەر لە حوکمداری ئەستیاگ!

٢- سدیق بۆرەکەیی ٢٠٠٨ لە ل١٠-١٢ سەبارەت بە سەلماندنی مادبوونی زەردەشت بۆرەکەیی دوو نموونە لە (گاتەکان) دەهێنێتەوە، یەکیان قسەیەکی زەردەشتە کە دەڵێت: "زەردەشت لە نامیلکەی گاتەکاندا لە بەشی زەماوەنی کچەکەیا، خۆی لە بنەماڵەی سپیتەمە دادەنێ کە یەکێ لە بنەماڵەکانی مادە"، دووەمیشیان هۆنراوەیەکی زەردەشتە لە گاتەکان، کە دەڵێت :

یەمەمە خشتەر ئاوروەوهە نویت ئەوتەم ئانهە نویت گەرمەم
نویت زووروو ئانهە نویت مرتیوش نویت ئەرەسکوو دێوە ئەوداتوو

"لە پادشایی جەمی بەناوبانگ، نە سەرما بوو نە گەرما
نە پیری بوو نە مەرگ، نە قڕنووسی و ڕژدی دێوان".

گەلی میدی و حوکمڕانی میدی

میدییەکان گەلێکی سەیری دەڤەرەکەن . میدییەکان بە چوار قۆناغ حزووری خۆیان لە مێژوودا هەبووە:

١- گەلی میدی وەک گەلێکی چەوساوە،
٢- دەسەڵاتی میدی،
٣- ڕاپەڕینی میدی دوای هەرەسی دەسەڵاتی میدی،
٤- قۆناغی لاواز و ونبوونی میدیەکان.

بەپێی هەندێ سەرچاوە وشەی (میدی) دەلالەت لە ناوی نەتەوەیەک ناکات بەناوی (میدی)، بەڵکو ناوی (میدی) ناوی دەڤەرێک بووە هەروەها میدیەکان کۆکەرەوەی گەلانی زاگرۆس بوونە (بڕوانە چاپی ئینگلیزی کتێبی گەڕان بە دوای دیموکراسی لە میدیاوە بۆ ئەمریکا).

تەها باقر و ئەوانی تر ١٩٨٠ لە ل٣٧-٤٢ی کتێبی تاریخ ایران القدیم پشتئەستوور بە دۆکیومێنتەکانی ئاشووری بە تایبەتی لە

هەڵمەتی ٨٣٦ ی پێش میلاد لە سەردەمی شلمەنصەری سێیەم ٨٥٨-٨٢٤." باسی دەرکەوتنی میدی یا مادەکان دەکەن"

زاموا لە ل١٢٩ ی گۆڤاری (خاڵ) باس لە کەسێك بەناوی (شیلیسروخ) دەکات کە وەك پاشایەکی ئاشووری زۆر میدی کوشتووە. بەندە گومانی هەبوو لە پاشابوونی (شیلسروخ) لەبەر ئەو سێ هۆیانە:

١- توێژینەوەیەکی کەلسومە جەمیلی هاوژینم بەناوی هۆکارەکانی لەشکرکێشی ئاشوورییەکان بۆ سەر وڵاتی کوردان کە ناوی هیچ پاشایەکی ئاشووری بەم ناوە نەهێناوە!

٢- ڕێبەر جەعفەر بەرواری ماستەرنامەیەکی بەناوی الحملات العسکریه الاشوریه علی کوردستان نووسیوە لە ل٨٣-١٦٠ باسی دوو لەشکرکێشی کردووە،

یەکەم، چوار پاشای ئاشووری دەوریان هەبووە کە بریتی بوون لە:

١- ئاد نرای دووەم ٩١١-٨٩١ پ.م

٢- توکلتی ننورتای دووەم ٨٩٠-٨٨٤

٣- ئاشوور ناصر بالی دووەم ٨٨٣-٨٢٤

٤- شەلمنصەری سێیەم ٨٥٨-٨٢٤ پ.م

لەو قۆناغەی سەرەوە ٩١١-٨٢٤ پ.م ناوی پاشایەك نایەت کە ناوی شیلیسروخ بی و هێرشی کردبێتە سەر وڵاتی کوردان!

لە قۆناغی دووەم ٧٤٥-٦١٢ پ.م ناوی ئەم پاشایانە هاتووە :

١- تجلا تبلیزەر ٧٤٥-٧٢٧ پ.م

٢- شەلمنصەری پێنجەم ٧٢٦-٧٢٢ پ.م

٣- سەرجۆنی ئاشووری ٧٢١-٧٠٥ پ.م

٤- سەنحاریب ٧٠٤-٦٨١ پ.م

٥- ئەسەرحەدون ٦٨٠-٦٦٩ پ.م

٦- ئاشوور بانیبال ٦٦٨-٦٢٧ پ.م

٣- نووسینەکەی زاموا کە شیلیسروخ بە پاشای ئەبدان دەزانی " شیلیسرۆخ پاشای شاری ئەبدانی بوو.

لە بەرایی سەدەی هەشتی پێش میلاد، یەکەم حوکمڕانی میدی دروست بوو.

حوکمداری دیاکۆ ٧٠٨-٦٥٥ پ.م دامەزرێنەری حوکمڕانی میدیا، ماوەی دەرکەوتنی یەکەم حوکمی میدی بوو. میدیەکان ملّەتێك بوو کە خەریکی کشتوکاڵی بوون. دایکو یا دیوسیس ڕدێنسپی گوندی خۆی بوو، هیرۆدوتس لەوبارەیەوە دەنووسێت: "دوای ئەوەی خەڵکی میدی لە کۆبوونەوەیەکی شوراییدا دایکویان کردە مەلیکی خۆیان، ئەو شێوازی ژیانی گۆڕدرا و بووە حاکمێکی موستەبید بۆ کۆنترۆلکردنی ڕەعیتەکەی -) (تەهاباقر ١٩٧٩، ل٣٩).

دوای دایکو، فراوتوس - خشاترینا ٦٥٥-٦٣٣، کەی ئەخسار یا کەیخەسرۆ ٦٣٣-٥٨٤ پ.م هەروەها ئەستیاگ بوونە مەلیکی میدیەکان. لە ١٥٠ ساڵدا ماڵباتی دیاکۆ کوردیان بە دنیا ناساند، مینۆرسکی لە کتێبی کوردەکان باس لەوە دەکات کە میدیەکان باوکەگەورەی کوردەکانن. کەی ئەخسار جیاواز بوو لە باوک و باپیری، توانی هەم کۆتایی بە هەڕەشەکانی ئەسکیتیەکان بێنێت، هەم بە هاوپەیمانی لەگەڵ (نەبولاصەر) والی بابلی کۆتایی بە ئیمپراتۆریەتی ئاشووری لە ٦١٥پ.م بێنێت."

توێژەر لەو باوەڕە دایە کە ئاڤێستا، کتێبی زەردەشت و مۆغەکان لە ماوەی حوکمڕانی کەیخەسرەو پەیدا بووبێت، چونکە تەمەنی زەردەشت و کەیخەسرەو لەیەکنزیکن . لە سەردەمی حوکمڕانی ئەو زەردەشتیەت بووە ئایینی ڕەسمی دەوڵەتی میدی، هەروەها بەپێی بەڵگەکانی میژوو و شوێنەوار بەرواری مردنی زەردەشت و کەیخەسرەو تەنها یەک ساڵی فەرقە .

زمانی ئاڤێستا زمانی ئایینی بوو، نەک زمانی قەومی، بۆیە دوای کودەتای کۆرش -هارپاک، زمانی ئاڤێستا هەروەک زمانی ئایینی ئەخمینیەکان مایەوە، چونکە ئەوانیش زەردەشتی بوون. موحەمەد ئەمین زەکی لە ل٨٢ی چاپی کوردی خولاصەیەکی تأریخی کورد و کوردستان دەڵێت لە ٥٥٠پ.م سیروس - کەیخەسرەوی گەورە (کۆرش) ئیستاغ (ئیستاگ)ی لە نێو برد، لەو میژووە هەموو ولاتی کوردستان بەر ئاخەمەن (ئەخمینی) کەوت و کورد شۆرشگێڕەکان بەرەو شاخەکان کشان." هەر لەو ڕوانگەوە ئیبن ئەسیر لە کامل في التأريخ دەڵێت

کورد کۆچەری فارسن، دکتۆر جەمال ڕەشید لە ل٨٤ی دراسات کردیە... ئەوە پشتڕاستەکاتەوە.

بە مردنی ئەستیاگ کۆتایی بە حوکمداری کوردی هات .

هەرچەندە ئەخمینییەکان، باوە گەورەی ساسانییەکان، دووەم نەتەوە بوون کە زەردەشتیەتیان وەرگرتووە. عەلائەدین سجادی لە کتێبی دەقەکانی ئەدەبی دەڵێت: ئاوێستا بە زمانێك نووسراوە تەنیا زەردەشت زانیویەتی، بۆیە ڕاڤەی میدی-کوردی ناونا (زەند)، راڤەی ئەخمینیش بە ناوی (پازەند).

ڕاستە ئەخمینیەکان دوای کودەتای کۆرش - هارپاك، زەردەشتیەتیان وەرگرت، بەڵام کەسێکی وەك داریوش لە ٥٢٢ پ.م لە چیای بێستون دەنووسێت کە زۆر بە درندانە دوو شازادەی میدی کوشتووە، کەواتە میدی بەر لە حوکمڕانی میدی وەك کۆمەڵە کەسانێك هەبوون هەروەها دوای ڕوخانی حوکمڕانەکەشیان هەر بەرانبەر ئەخمینیەکان ڕاپەڕیون. هەبوونی فراوەرتیسی شازادە یا فراوەرتیسی دووەم کە داریوشی ئەخمینی ئاماژەی بە بوونی کردووە . فراوەرتیسی شازادەی کوژراوی دەستی داریوش دووەە لە فراوەرتیسی شا یا فراوەرتیسی یەکەم .

دەرکەوتنی ئەسکەندەر مەکدۆنی لە دوای شەڕی ئەربێلا لە ٣٣١ پ.م هەم دارای ئەخمینی شکاند، هەم کتێبی ئاڤێستای سوتاند، بەمجۆرەش کۆتایی بە حوکمی ئەخمینیەکان هێنا. ئەو سوتاندنە کۆتایی بە زەردەشتیەتی تێکستی هات.

دوای زیاتر لە ٥٥٠ ساڵ لە نەمانی زەردەشتی تێکستی، ئەردەشێر بابك دامەزرێنەر و یەکەم مەلیکی ساسانی بە یاریدەی تەنسەر ئایینی زەردەشتی کردە ئایینی ڕەسمی ساسانی دەوڵەت هەر بە فەرمانی ئەردەشێر تەنسەری سەرۆکی مۆغەکان ئاڤێستایەکی نوێینووسیوە (عەباس سلێمان سمایل٢٠٠٨، ل٣٧). لە ٢٢٦ەوە تاکو ٦٥١ی میلادی. لێرەوە زەردەشتیەتی سیاسی سەریهەڵدا، ئەردەشێریش وەك داریوشی ئەخمینی حوکمی بە کوشتاری میدی و پاشاکەیان دەسپێکرد (تۆفیق وەهبی ١٩٦١، ١٥-١٦). زەردەشتیەت بە خاوی و تۆندی وەك ئایینێکی سیاسی حوکمی ئیمپراتۆریەتی ساسانی کرد. زەردەشتیەت قەبوڵی هیچ دینێکی نەدەکرد، بۆیە لە ساڵی (٢٧٢م.) مانی تیرۆر کرد هەروەها لە ساڵی (٥٢٩م.) مەزدەکی لە دانیشتنێکدا تیرۆر کرد، ئەو دوو دینە تەواو جودا بوون لە یەکتر.

لە سەردەمی هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان میدییەکان وەك دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات ئامادەگیەکی نەبووە لە سیاسەتی ساسانی.

فاکتەری شۆڕشگێڕانە لەیەک جیاکردنەوەی زەردەشتی تێکستی و زەردەشتی سیاسی

هەردوو شۆڕشگێڕی (تابلۆی زێڕ) لە فارستان و شۆڕشگێڕی (پەیکۆڵی) لە وڵاتی کوردان پرسی زەردەشتی تێکستی و زەردەشتی سیاسی یەکلادەکەنەوە.

لە زەمەنی حوکمڕانی فراوەرتیس و کەیخەسرەوی میدی لە فارستانی حوکمڕانی میدی، پاشایەک هەبوو وەک میدیەکان ئاهورامەزدا پەرێس بووە . ئەو پاشایەی فارستان ناوی (ئاریارامنێس ٦٤٠-٦١٥ پ.م) باپیرەی گەورەی داریوشی ئەخمینی بوو.

ئەو ماوەیەش ماوەی حوکمڕانی فراوەرتیس و کەیخەسرەوی میدی بوو.

یەکەم. تابلێتە زێڕەکەی شای ئەخمینی ئاریارامنێس :

ئەم تابلۆ زێڕییە لە سەردەمی ئاریارامنێش باپیرەی گەورەی داریوشی ئەخمینی لە نێو حوکمڕانی میدی نووسراوە. ڕۆژهەڵاتناسەکان لەو باوەڕەن کە پاش ئەوەی کۆڕش لە (٥٥٠ پ.م) دەستی بەسەر هەمەدانی پایتەختی میدیەکان نووسراوەکانی ئاریارامنێسی گواستەوە هەمەدان (شارپ،ل١٨).

لە دێری ٤-٩ نووسینەکەی ئاریارامنێس هاتووە کە زەردەشت :ئاهورامەزدا پەرستی لە زەمەنی حوکمڕانی میدیا پەیدابووە :

Ariaramnes the king says: This country Persia، which I" hold، which is possessed of good horses، good men، on me the great God Ahuramazda bestowed (it).By the favour of Ahuramazda I am the king (in) this country." -

ئاریارامنێس دەڵێت:

ئاهورامەزدا خاکی فارسی پێ بەخشیوم، کە کەسەکان و ئەسپەکانی باشن. بە چاکەی ئاهورامەزداوە حوکمڕانی ئەم وڵاتە دەکەم. بە چاکەی ئاهورامەزداوە من پاشای ئەم وڵاتەم (فارستان) " ئەو ئاهورامەزدا پەرستیە زۆر لە پێش ئاهورامەزدا پەرستی داریوشی ئەخمینییە کە لە نووسینەکانی شاخی بێستوون ئاماژەی پێدەکات .

زۆر لەو سەرچاوە یۆنانیانەی تەرجومەی ئینگلیزیکراو جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە لە زەمەنی کۆرش و داریوش سنووری دەوڵەتی ئەخمینی فراوانتر بووە زۆر یۆنانی پەیکەرتاش و هونەرمەند ڕاپێچی وڵاتی ئەخمینی کراون، ئەو یۆنانینە هەتا دەستیان لە نووسینەکانی بێستوون هەبووە هەروەها لە وتاری " کاریگەری هونەری یۆنانی لە سەر ئیران" هاتووە:

Greece iv. Greek Influence on Persian Thought

After the conquest of Ionia، Lydia، and other regions of Asia Minor by Cyrus II، the Persians came into close contact with

the Hellenes، their skilled artisans، renowned physicians، artists، statements، men-of-arms، and the like، the Persians benefited from their knowledge in various fields .

- پاش ئەوەی کۆرشی دووەم فەتحی (لۆنیا) و (لیدیا) و چەند دەڤەرێکی ئاسیای بچووکی کرد، فارسەکان پەیوەندیەکی نزیکیان لەگەڵ کەسانی ناو شارستانی هێلێنی بەست، کەسە پیشەگەرانی بەهرەدار و پزیشکە ناوداڕەکان و هونەرمەندان و بەیانات و جەنگاوەرانی یۆنانی و هاوشێوە، فارسەکان سودیان لە ماریفەی ئەو یۆنانیانە لە زۆر بوار بینیوە."

هیرۆدۆتس و ئەم وتارە ئینگلیزییە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە داریوشی یەکەم ٥٢١-٤٨٦ سودی لەو یۆنانیانە بینیوە بۆ نووسینەکانی شاخی بێستوون، بۆیە ڕالف نۆرمان شارپی وەرگێڕی نووسینەکانی ئەخمینی لە مێخیەوە بۆ ئینگلیزی

- ئاماژە بە چەند هەڵەیەکی زمانەوانی نووسینەکە دەکات، لەوانە:

"(ئەم تابلێتە (لوح) هەندێ هەڵەی ڕێزمانی لە خۆگرتووە، لەوانە: هێلی سێیەم (پارسا) دەبی لە حاڵەتی زەرفی، نەك (پارسایی) بێت."

پاش ساخبوونەوەی ئەوەی کە هەریەك لە میدی و ئەخمینی هەردووك ئاهورامەزداپەرێس بوونە، بەڵام حوکمڕانی میدی زۆر لە پێش حوکمڕانی ئەخمینی یەکتاپەرست بوونە .

دووەم. نووسینی پەیکۆڵیی و سەرهەڵدانی مەجوسیەت

ئەردەشێر پاش دەمکوتکردنی پارس و میدی بەتایبەتی ئەردەوانی پێنجەم پاشای پارسەکانی کوشتووە. خوێندەوار و شەهادەدارێکی زۆر هەڵە لەم قسەیەی تەبەری تێگەیشتوون، کە ئەردەوانی پێنجەم بە ئەردەشێری دامەزرێنەری ساسانی دەڵێت: "ئەی گەورە بووی نێو دەوار و ڕەشمالّی کوردان." دکتۆر ئەحمەد ئەلخەلیل لە ل٨٤ی کتێبی (میژووی کورد لە شارستانی ئیسلامدا) ئەمە پەیوەندی بە کوردبوونەوە نییە بەڵکو پەندێکی کۆنی فارسیە دەرهەق بەکەسانێك بەکاردێت کە "دڵڕەق و مامەڵە زبر بن".

ناسیونالیستی کورد هەوڵیداوە ئەو قسەیە بکاتە کراسی عوسمان بۆ "بە خورتی بە کوردکردنی ئەردەشێر" ئەگەرنا لە ئەردەشێرەوە تا یەزگورد ٢٢٤-٦٥١ م " یەك پاشای ساسانی کورد نەبووە!!!

نووسینەکەی پەیکۆڵی ٢٩٣ بە واتای دوای حەفتا و یەك ساڵی دامەزراندنی ساسانی، نەرسی ٢٩٣-٣٠٣ تەواو ناماژە بە مەجوسیسیەتی خۆی وەك ساسانیەك لە پەیکەری پەیکۆڵیی دەکات.

ڕاولینس و هێرزفیلد و پرۆد ناماژە بە قسەکانی نەرسی پادشای ساسانی دەکەن کە دەڵێت :

I am the Mazdaean Majesty Narseh] King [of Kings] of Iran] and Aneran، whose origin (is) from [the gods، son of the Mazdaean] Majesty Šābuhr King [of Kings] of Iran and Aneran، [whose origin (is) from the gods، grandson of the Majesty Ardaxšer] King of Kings.

منی نەرسەی مەزن مازداییم.پاشای پاشاکانی ئیران و دەرەوەی ئیرانم کە ڕەچەڵەکی سەرچاوە دەگرێت لە خوداوەندەکانی کوڕی ئاهورامەزدا. شاپووری مەزن پادشای پادشاکان ڕەچەڵەکی لە خوداوەندەکانە لە نەوەی ئەردەشێری مەزنە - پرۆد سکیارڤۆ ١٩٨٣، ل٥).

لەم دەقەی پەیکۆڵیدا نەرسی شا بە ڕاشکاوی خۆی و شاپوور و ئەردەشێر بە پۆست مەزدایی دەزانی کە تەواو جودایە لە مەزداپەرێسی میدی و ئەخمینی.

ئەو خۆ بە(کوڕی خوا زانین)ە زۆر دوورە لە ئاهورامەزداپەرێسی هەروەها جۆرێکە لە زەردەشتی سیاسی کە جودایە زەردەشتی تێکستی.

ئەو زەردەشتیەتەی ناسیۆنالیستی کورد بانگاشەی بۆ دەکات هیچ پەیوەندی بە (زەردەشتی میدی) وەنییە، بەڵکو تەواو سەرچاوەی وەرگرتووە لە (زەردەشتی سیاسی) ساسانیەکان.

بەشی دووەم

زەردەشتیەتی سیاسی
لە گوتاری کوردیدا

لە بەشی یەکەم قسەمان لە سەر ئەوەکرد کە زەردەشتی تێکستی بە سەرکەوتنی ئەسکەندەری مەکدۆنی بە سەر دارا لە ٣٣١ پ.م کۆتایی پێهات، ئەوەی ئێستا هەیە زەردەشتیەتی سیاسیە ئەردەشیر بابکانە، کە بە یاریدەی تەنسەر (سەرۆکی مۆغەکان) نووسیوە و کردوویەتی بە ئایینی ڕەسمی دەوڵەت. ئەو زەردەشتیە سیاسیە بە قسەی ماری بۆیس لە ئەمریکاش هەیە، بەڵام لە کوردستان نییە.

پرسی (زەردەشتی سیاسی) بەر لە (کاژیك) و (ڕوانگە) لەناو ناسیونالیستی عەلمانی کوردی هەبووە، بۆ نموونە ریچارد فۆلتز لە زانکۆی کۆنکۆردیا / مۆنتریال لە توێژینەوەیەك دەربارەی "ئایینی ڕەسەنی کوردی" قسە لەسەر تێکەڵکردنی یەزیدی و زەردەشتی دەکات.

The "Original" Kurdish Religion?
Kurdish Nationalism and the False Conflation of the Yezidi and Zoroastrian Traditions
Richard Foltz، Concordia University، Montréal

لە ل٧ی توێژینەوەکە لە (کریستن ئالیسن) دەگوازێتەوە :

Christine Allison، "Representations of Yezidism and Zoroastrianism in the Kurdish Newspapers Hawar and Roja Nû،" in Christine Allison،

لەبارەی تێکەڵکردنی یەزدیەت و زەردەشتیەت لە گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی، بۆیە دەڵێت: جەلادەت و کامیران بەدرخان هەر لە سیەکانی سەدەی بیستەم لە (هاوار) گوتویانە کە "کوردەکان پێش قۆناغی موسڵمانبوون "یەزیدی" بوونە، دینەکەیان فۆرمێك بووە لە زەردەشتیەت-

brothers Celadat and Kamuran Bedir Khan during the 1930s in their Kurdish nationalist
newspaper Hawar، that the Kurds of pre-Islamic times were Yezidis and that their religion was a form of Zoroastrianism."

ئەو بیرۆکەی دابڕان لە ئیسلام و دۆزینەوەی ئاینی ڕەسەنی کوردی، لە دوای (ڕوانگە)ش لە باکوری کوردستان ئامادەگی هەبوو لە گوتاری مارکسی کوردی، بۆ نموونە پەکەکە حیزبێکی تەواو مارکسیە، بەڵام ئیش بۆ زیندوکردنەوەی زەردەشتیەت دەکات، ڕیچارد لە ل١٢ی توێژینەوەکەی دەڵێت: "ماهر وەڵات نوێنەری پەکەکە لە

سەردانێك بۆ ئەرمینیا دەڵێت: من موسڵمانی کوردم، بەڵام ڕێز لە هەموو دینێك دەگرم، هەموو کورد لە ڕابردوو یەزیدی (زەردەشتی) بوونە، هەندێك لە ئێمە بەزۆری موسڵمانکراون، بەڵام ئێستا نیەتمانە دووبارە بگەڕێینەوە و خۆمان بە ڕۆشنبیریی پەروەردە بکەین -

The official PKK view was articulated by the party's emissary to the former
Soviet republics, Mahir Welat, during a visit to Armenia in 1998. "I am a Muslim Kurd,"
he stated, "but I honor all religions. All Kurds used to be Yezidi [Zoroastrian] in the past.
Some of us were forced into becoming Muslim, but now it is our intention to return and to educate ourselves again."

سنووری بابەتەکەی ئێمە تەنها قسەکردنە لە سەر گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی بە تامی زەردەشتی و مارکسی لە باشووری کوردستان بەتایبەتی (کاژیك) و (ڕوانگە)، ئەگەرنا پرسی زەردەشتی سیاسی یا گەڕانەوە بۆ ئاینی ڕەسەنی کوردی هەوڵێکی لەمێژینەی عەلمانی کوردە، بۆ ئاینێکی دوور لە خودا، بێ سزا و پاداشت، لەوانەیە دەقی ئەی خودای دڵدار یونس - ی شاعیر پێشەنگی ئەم هەوڵە بێت لە باشوور.

بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە دوو سەرباس لە خۆ دەگرێت:

سەرباسی یەکەم

کاژیک ناسیۆنالیستی تیۆریی

أ- بەر لە دامەزراندنی کاژیک :

بەرەو هەرەس چوونی دەڵەتی ئیتحاد و تەرەقی لە بەردەم ئینگلیز و فەرەنسادا، دەرگای لە سەر دەرکەوتنی بزاڤی کوردی کردەوە. وەك لە یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمی و چیم دی ئەحمەد خواجە و عبدالرزاق الفهد، ل٢١٣، حامد عیسا، ل٣٨ هاتووە: هێشتا ئینگلیز لە کەرکوك بوو ٧-٤-١٩١٨ شێخ مەحمود نامەی پشتگیری بۆ ئارنۆلد ولسن هەناردووە، لە سەر ئەو نامەیەش ئیتحاد و تەرەقی فەرمانی مل پەڕاندنیان بۆ دەرکرد." لە دوای ئەوەی ئینگلیز هاتە سلێمانی دکتۆر کەمال ئۆکە٢٠٠٠ لە ل١٧ی کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موصڵ (چاپی کوردی) دەنووسێت: "لە ١٦ی یازدەی ١٩١٨ نوئیل هەرزوو ئاغا و دەرەبەگەکانی ناوچەکەی کۆکردەوە و بەڵێنی ئینگلیزی لەمەڕ ئۆتۆنۆمی بۆ کوردان پێ ڕاگەیاندن." ناهیدە ڕەفیق حیلمی ٢٠٠٥ لە ل١٢٤ بەسەرهاتی ڕەفیق حیلمی دا لە باوکی دەگێڕێتەوە کە خۆی نوسەری ئەم یاداشتە بووە و لەگەڵ ئەحمەد ئاغا کەرکوکی زادە لەم

بەیعەتەدا حازر بووە ." لە هەمان لاپەڕەدا ناهیدە لە قسەی هەندێك لە ئینگلیزەکان دەگوازێتەوە کە شێخ مەحمود کرابوو بە نوێنەری هێزەکانی بەریتانیا لە کوردستان "، نەك حوکمدار !

دکتۆر ئەحمەد عوسمان٢٠٠٠ لە ل٧ی کتێبی (کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا) هەمان شت دووپاتدەکاتەوە بەوەی حاکمی بەریتانیا لە بەغداد لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا داوای لە لەندەن کرد بۆ ئەوەی ڕێگەی پێبدات بە دروستکردنی ئەنجومەنێکی ناوەندی سەرۆکەکانی کوردستانی باشوور، بەسەرپەرشتی بەریتانیا.."

ئەحمەد خواجە لە کۆتایی ل٥٠ی بەرگی دووەم لە دێرە شیعرێکی شێخ مەحمود دەگوازێتەوە کە هەمان مەبەست دەگەیەنێت :

ئینگلیز بۆ مەرامی خۆی منی ئەوێت
منیش بۆ مەرامی گەلەکەم ئەژیم

پاش شکانی یەکەمی شێخ مەحمود و زیندانیکردن و گەڕاندنەوەی بۆ سلێمانی دەرفەتێك بۆ دروستبوونی حیزبی کوردی و ڕۆژنامەی کوردی دروستبوو: ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکان و ئەحمەد خواجە لە چیم دی.. باس لەوە دەکەن، کە لە ٢١ی تەموزی ١٩٢٢ (کۆمەڵەی کوردستان) دروستبوو هەروەها لە ٢٢ی ئابی ١٩٢٢ ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) دەرچوو ."(عیسا ٢٠٠٤،ل١٣٩).

لە پێش و دوای شکانی دووەمی شێخ مەحمود(١٩٢٧) کۆمەڵێك کۆمەڵە و حیزبی کوردی دەرکەوتن لەوانە:

- کۆمەڵەی زانستی،
- کۆمەڵەی لاوان،
- کۆمەڵەی برایەتی
- کۆمەڵەی دارکەر،
- کۆمەڵەی هیوا،
- حیزبی ڕزگاری،
- حیزبی شۆڕش،
- کۆمەڵەی تێکۆشین (کۆمۆنیستەکوردەکان)
- پارتی دیموکراتی کورد / کوردستان
- کۆمەڵەی ژیانەوە و ئازادی کورد ناسراو بە کاژیک.

زۆربەی ئەو ڕێکخراوانە قەومی یا مارکسی بوون (ئەو پرسە لە کتێبی میژووەک لە پەرتەوازەیی تاوتوێکراوە)، بەڵام ئەوەی جێگەی باسە و پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمە وەیە، دروستبوونی کۆمەڵەیەکە لەلایەن ڕۆشنفکرانی سلێمانی بە ناوی کۆمەڵەی زەردەشتی لە ١٩٢٦. لە سەر میژووی دەرکەوتنی ئەو ڕێکخراوە نهێنیە نووسەران یەکدەنگ نین.

گۆڤاری بەیان لە ژمارە ١٩ی ١٩٧٤ دەربارەی ئەو کۆمەڵەیە دەنووسێت: کۆمەڵەیەکی نهێنی بوو لە کۆمەڵە لاوێکی خوێن گەرم لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٦ دروستبوو بۆ دژایەتیکردنی ئینگلیز. شێخ سەلامی شاعیر یەکێ لە ئەندامە چالاکەکانی ئەم کۆمەڵەیە بوو .

دروستبوونی کۆمەڵەیەك لە بیستەکان لەناو کۆمەڵی کوردی مەدلولی خۆی هەیە، ئەوسا هیچ ڕەگێکی زەردەشتی سیاسی لەناو کورددا نەبوو، هەرچەندە کەسانی وەك جەمال عیرفان و جەمیل صائیب و موستەفا یامولکی هەبوون، بەڵام هزری ئەوانە دوور بوو لە زەردەشتیەت، بەڵکو جەلال تاڵەبانی لە کتێبی (کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد) گومان دەبات ئەوانە نزیك بووبن لە مارکسیەت،بۆیە وا زەن دەبردرێ ئەو کۆمەڵە نهێنیە هەڵگری زەردەشتیەتی سیاسی بێت، نەك زەردەشتیەتی دینداری .

لەبەر ئەو دوو هۆیەی سەرەوە زۆربەی نووسەرە کوردەکان ئاماژەیان بە ڕۆڵی ئەو کۆمەڵە نەکردووە .

ب- دروستبوونی کاژیك و سەرەتای ڕەگەزپەرستی کوردی :

بزوتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی هەر لە کۆتایی چلەکانەوە بزوتنەوەیەکی دوولایەنە بوو: بەشێکی ناسیونالیستی و بەشێکی دی مارکسی بوو، بۆ نموونە دکتۆر حامد عیسی ٢٠٠٤ باس لەوە دەکات،کە کۆمەڵەیەکی وەك (هیوا) هەڵگری ئەو دوو باڵە بوو. کاژیك لەو نێوەدا تەنیا بزاڤێکی داخراوی ناسیۆنالیستی بوو.

جەمال نەبەز لە ل٤-٥ی کتێبی کاژیك باس لە دروستبوونی کاژیك و دروشمەکانی دەکات کە لە سلێمانی لە ڕۆژی ١٩٥٩/٤/١٤ شەش کەس پێکهاتبوو، کە بریتیبوون لە "فایەق ئارف، ئیحسان ئەبدولکەریم فوئاد،کامیل ژیر، ئەحمەد هەردیی، ئەبدوڵڵا جەوهەر، فەرەیدون ئەلیی ئەمین، لەگەڵ جەمال نەبەزلە مالّی ئەحمەد هەردیی

کۆبوونەوە بڕیاردرا ڕێکخراوێك بە ناوی کاژیك دامەزرێنن." ڕێکخراوەکە هەڵگری دوو دروشم بوو، کە یەکەمیان جەختی لەسەر فاشیەتی کورد دەکرد، ئەویتریش سڕینەوەی چینایەتی بوو. جەمال نەبەز لە ل٥ بەمجۆرە باس لە هەردوو دروشمەکە دەکات: "لەو کۆبوونەوەیە دوو دروشمیش هەڵبژێردران بۆ کۆمەڵەکە، یەکێکیان "کوردستان بۆ کورد"... دووەمیش "یەکسانی بۆ گەل" واتە گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردستان لە کۆمەڵگەیەکی نایەکسانیی ئاخا و مسکێنیەوە بۆ هاونیشتمانانێکی یەکسان لە دەسەڵاتدا." ئەو دوو درشمە لە سەر زۆربەی بڵاوکراوەکانی (کاژیك) ئامادەگی هەبوو وەك کاژیکنامە و بانگی کاژیك...

هەر ئەو دوو دروشمە خودی کاژیکی هەڵوەشاندەوە، چونکە لە زەمانێکی زووەوە لە کوردستان غەیرە کورد هەبووە، ئەو خوێندنەوەیە بۆ کورد و ڕەتکردنەوەی ئەویتر دەگەیەنێت، فاروق ڕەفیق ٢٠٠٦لە ل٣٠٠-٣٠٢ی غەمە جڤاتیەکان ئەو خۆ دیتن و ڕەتکردنەوەی ئەویتر بە بزاڤی ڕەگەزپەرستی کوردی دادەنێت." کۆمەڵگەی یەکسانی بێ چینی کۆمەڵایەتی تەنیا لە فانتازیای سۆشیالیزم هەیە، سۆشیالیزمیش بە سۆشیالیزمی کوردیەوەش هەڵوەشایەوە، کەواتە دروشمی دووەمیش هەڵوەشایەوە!

لە ل١یش، جەمال نەبەز کاژیك بە ڕێبازی سێیەم دادەنێت."

کاژیکیش وەك هەر حزبێکی دی کوردی بووە قوربانی ململانێی سەرکردەکانی هەتا خۆی و پارتی سۆشیالیستی کوردی (پاسۆك) هەڵوەشانەوە!

لە پرۆسەی دروستکردنی کاژیك دا (ناسیۆنالیستی) هەوێنی زیندووکردنەوەی زەردەشتیەتی سیاسی بوو.

کاژیك و بیری زەردەشتی سیاسی:

کەواتە بەر لە کۆمەڵەی ئازادیی و ژیانەوە و یەکێتی کورد (کاژیك) کۆمەڵەیەکی نهێنی و نوخبەوی لە ١٩٢٦ لە سلێمانی هەبوو . کاژیك جەمال نەبەز بوو، جەمال نەبەزیش کاژیك بوو .ئەو هاوکێشەیە لە خۆڕا لە بیرەوەری کەسی نوخبەوی کورد دروستنەبوون، جەمال نەبەز لە زۆربەی کتێبە مێژوو و سیاسیەکانی کەم و زۆر قسەی لە سەر کاژیك کردووە وەك هێزی سێیەم لە باشووری کوردستان.

دوای شۆرشی تەموزی ١٩٥٨ دەرفەتێك بۆ کۆمەڵە هاوبیرێکی سیاسی دروستبوو، کە شەقارێك لە نوخبەی سیاسی کورد دروستبکەن، حیزبێکی تەواو ناسیۆنالیستی کوردی دروستبکەن و چی دی حیزبی کوردی بە مارکسیستەوە نەبەسترێتەوە .

نەبەز و هاوبیرەکانی لە ١٩٥٩/٤/١٤ دا پارتێکی نەتەوەیی (نهێنی) یان بە ناوی کاژیك دروستکرد.ئەو پارتە جگە لە نهێنیەکەی، داخراویش بوو دەبوو چوار ساڵ چاوەڕێ بکەی تا ببیە ئەندام. لە قۆناغی یەکەم، نەبەز لە ١٩٥٩ هەتا ١٩٦٢ لە ڕێکخستنی کاژیك مایەوە، چونکە لەو دەمەی د.نەبەز چووە ئەوروپا ناوی نەبەز تەنها لە کتێبەکانی خۆی و بڵاوکراوەکانی ئەوروپا مایەوە، ئەگەرنا لە کوردستان تەنها ناوی ئەحمەد هەردی هەبوو.

لە قۆناغی دووەمدا کە کاژیك لەگەڵ حزبێکی دی قەومی بە ناوی - پارتی گەل - یەکیگرت و لە حەفتاکان کۆنگرەی یەکەمیان بەست ناوی دکتۆر نەبەز لە ڕێکخستنی کاژیك کەوتە لێژی!

پرسی ئامادەگی زەردەشتی سیاسی تەنها لە کاژیکنامە و کتێبەکانی نەبەز و کامیل ژیر تاوتوێ دەکەین .

جەمال نەبەز کتێبی لە بواری زمانەوانی و ئیتیمۆلۆژی و سیاسی و میژوو نووسیوە، لە زۆربەی کتێبە زمانەوانی و فەرهەنگی و سیاسیەکانی وەك زمانی یەکگرتووی کوردی -١٩٧٦، فەلسەفە و ڕامانی یارسانی...٢٠٠٩، باسنامە -٢٠١٢، وشەنامەکی -٢٠٠٨؛ هەندێك لە کێشە بنەڕەتیەکانی قوتابخانەی سۆشیالیزمی کوردی -١٩٨٤، ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد، برایانی سەرگەردان...١٩٩٧، کاژیك پێشخان و پاشخانەکانی -٢٠١٥ کەم و زۆر ئاماژەی بە زەردەشتیەت کردووە .

کتێبەکەی دوایی - کاژیك پێشخان.. و باسنامە تەواو باسی بابەتی (کاژیك)ی کردووە. هەرچی کتێبی (کوردستان و شۆرشەکەی) چاپی سێیەم ٢٠٠٧ لەو چەند لاپەڕەی ٢٢٦، ٢٣٢، ٢٣٣، ٢٣٥-٢٣٦، ٢٤٤...باسی حزووری دینی کردووە لە حیزبی نەتەوەیی ..

کەسی دووەمی کاژیك شاعیرێکی نەتەوەیی دیارە، کە لای ب.هەندرێن ١٩٨٥ لە ل٣ کامل ژیر سەرقافڵەی کاروانێکە کە هەموو ئاوات و خواستەکانی نەتەوەی پێ یە." بۆیە ئەوە دەهێنێ چەند لاپەڕەیەك لە بارەی کامل ژیر بخەینەڕوو .

" کوردایەتی " کامل ژیر و پۆستسیکیولاریزم بوون:

چەمکی پۆستسیکیولاری لە زۆر بواردا بەکاردێ لەوانە سۆسیۆلۆژی و تیۆری سیاسی و دراساتی دینی ..تا دیراساتی ئەدەبی...

ئەم چەمکەکە دوو واتا هەڵدەگرێت :

یەکەم، پێکەوەسازانی عەڵمانیەت و ئایین:

لەمەڕ بە میللیکردنی چەمکەکە کۆمەڵگا قەرداری جورگین هابەرماس -ە ٢٠٠٨لە کۆمەڵگای پۆستسیکیولەری دەڵێت: "پێویستە خەڵکانی ئایندار و خەڵکانی سیکیولەر یەکترنەسڕنەوە، بەڵکو لەیەکتر فێربین و بە لێبووردەیی پێکەوە بژین یا پێکەوە هەڵکەن:

that both religious people and secularist people should not exclude each other, but to learn from one another and coexist tolerantly.

ماسیمۆ ڕۆساتی باوەڕی وایە کە جیهانبینی ئایین و سیکیولەری لە کۆمەڵگای پۆستسیکیولەری لە سەر زەویەکی ڕاستن(نەک بەرز و نزمی) بە واتای هەردووک لە ڕووی تیۆرییەوە هەڵگری گرینگیەکی وەک یەکن یا وەک یەک گرینگن.....

Massimo Rosati says that in a post secular society, religious and secular perspectives are on even ground, meaning that the two theoretically share equal importance."

چەمکەکە لای هەموو نووسەرانێک وەک یەک نییە، چارلز تایلۆر لە سەردەمی سیکیولەردا پرسیارێک دەوروژێنێت، ئەویش ئەوەیە: ئایا مەبەست لە پۆستسیکیولەری دیاردەیەکی نوێی سۆسیۆلۆژیە یا وشیاریەکی نوێیە بۆ دیاردەی هەبووبە واتای ئێستا کۆمەڵگا سیکیولەرە بەرەو پۆست سیکیولەری دەچی یا کۆمەڵگا هەرگیز

سیکیولەر نەبووە ئێستاش بەرەو سیکیولەری ناچیت هەرچەندە خەڵکانێك بیردەکەنەوە کە ئەوها بووە یا بەرەو ئەوهابوونە چووە -

Charles Taylor's A Secular Age "postsecular" refers to a new sociological phenomenon or to a new awareness of an existing phenomenon—that is, whether society was secular and now is becoming post-secular or whether society was never and is not now becoming secular even though many people had thought it was or thought it was going to be

بەو واتایە هەر کۆمەڵگای بەرایی ئیسلام، کۆمەڵگای مەدینە کۆمەڵگایەکی کراوە بووە بۆ پێغەمبەر و یارانی (وەك خەڵکانی ئیماندار) هەروەها بە هەمان شێوەش کراوە بووە بۆ (ئەویتر) لە جوو و هاوبەشپەیداکەر.

لە کۆمەڵگای کوردی دا حیزبداری کورد چ ناسیۆنالیستی بێت چ مارکسی ئەوها (ئەویتر - ئیسلام)ی نەخوێندۆتەتەوە، بەڵکو وەك (نوێنەری دەرەبەگ و کۆنەپەرستی خوێندۆتەوە .

ئەو بینینە لە ڕۆژهەڵات و کوردستانی تا ١٩٩١ نەبوو!

دووەم، ئایینی بێ خودا :

چەمکی ئایینی بێ خودا پرسێکە لە ٢٠١٣ەوە لە پاش دەرکەوتنی کتێبەکەی ڕۆنالد دۆرکین: "دەکرێ تۆ ئایینێکی لە خودا بەدەرت هەبێ"؟ قسەی لە سەر دەکرێت . لێرەدا ڕۆنالد ترسی لیبرالەکانمان بۆ دەگوازێتەوە بەوە بیرمەندەکانیان هەڵوێستێکی گوماناوین دەربارەی

چەمکی ئایین هەیە، چونکە ئایین مەیلێکی ڕەگداکوتووی هەیە دەربارەی ڕاستیە ڕەهاکانی وەحدانیەت، ئەمەش دیارە لە ململانێ دایە لەگەڵ سیاسەتی ئازادانەی پلورالیزم -

Liberal thinkers maintain a suspicious attitude toward religion- because of its inherent tendency to monistic absolute truths that seem in conflict withpluralistic free politics."

ئەم چەمکە لە دوو دەڤەر هەیە:

یەکەم، ئایینی دوور لە وەحدانیەت وەک هیندۆسی و بوزیەت،
دووەم، جیاکردنەوەی ئایین لە ڕۆحانیەت.

لێرەدا دەمەوێ پرسێك بوروژێنم کە ئامادەگی هەیە لە هەردوو ڕێکخراوی (کاژیك) و (ڕوانگە).

زەردەشتیەت لای هەندێك ئاینێکی یەکتاپەرستیە و لای هەندێکی تر دوالیزم (ئاهورامەزدا و ئەهریمەن)، وەك بینیمان لە کاراکتەر و باکگراوەندی کەسانی کاژیك و کاژیکنامە دەردەکەوێ زەردەشتی تێکستیی نییە، بەڵکو زەردەشتی سیاسیە .

کامیل ژیر گەر کەسی یەکەمی کاژیك نەبێت، بەڵکو کەسی دووەمە وەك هەڵۆ بەرزنجی ٢٠١٣ لە یەکەم پرسیاری ٦٢ پرسیارەکەی کاژیك ل٤-٥ دەردەکەوێ هەروەها هۆنراوەی "کوردایەتی" جۆرێك لە مانیفێستی کاژیك-ە.

کوردایەتی هەڵگری دەقی کامیل ژیری کۆنە شیوعی ١٩٤٨-١٩٥٨ و پێشەکی دکتۆر جەمال نەبەزی هاوبیری . نامیلکەی کوردایەتی

بێ ڕەخنەی مارکسی کوردی تێنەپەڕی، بەڵکو موحەمەدی مەلا کەریم هەر لە ساڵی ١٩٦٠ بە کورتە نووسینێك بە ناوی "کوردایەتی لە ژێر نەشتەری یەکاڵاکردنەوەدا" لە وەڵامی ئەم دیدە کۆمۆنیستیە بۆ کوردایەتی، "بە نازناوی زەردەشت (کامیل ژیر /جەمال نەبەز)، (لەم ساڵانەی دواییدا کەسێك بە نازناوی زەردەشتی کتێبێکی نووسی بەناوی " خوێننامە " کە بە قەولی نەقد لە قورئان دەگرێت !!) لە هەمان ساڵدا بە توندی وەڵامی موحەمەد مەلا کەریم درایەوە. لێرەدا ئەوەی لای من گرینگە نازناوی زەردەشت-ە کە بە نوێنەرایەتی کاژیك وەڵامی شیوعیەتی داوە، هەروەك چۆن "زەردەشتی" خوێننامەی نووسی، بە واتای بەشێك لە رۆشنبیری سیکیولەری کوردی جا چ ناسیۆنالیست بێ یا مارکسی دەیەوێت بە میکانیزمی "زەردەشتی سیاسی، نەك دینداری" بەرگری لە شوناسی ناسیۆنالی خۆی بکات تا هەرزەکاری سیاسی لە خۆی نزیك بکاتەوە، ئەگەرنا نە وەڵامی (زەردەشت) بۆ کۆمۆنیستی کوردی وە نە ڕەخنەی (زەردەشتی) بۆ قورئان ناچنە خانەی زەردەشتی دینداری.

کامیل ژیر لە ماڵباتێکی دینداره، ب.هەندرێن ١٩٨٥لە ل٢٥ ی کتێبی کامیل ژیر وهۆنراوەی نەتەوەیی لە هەڵوێست و ڕەخنەدا دەنووسێت: "کامیل شێخە لە شاری سلێمانی پێش ئەوەی بە کامیل ژیر بناسرێت بە شێخ کامیل بەناوبانگە. "لە کتێبەکەی هەڵۆ بەرزنجی دەردەکەوێ کە کامیل ژیر (دە) ساڵ لە نێوان ١٩٤٨-١٩٥٨ شیوعی بووە هەروەها لە دەقی کوردایەتی دەڵێت:

کوردایەتی خواپەرستی و بێ زیانی و ئاشتی خوازییە
دۆستایەتی و دۆست پەروەرانەیە
لە هاوکێشەی شێخ + شیوعی + کاژیك

چەمکی خودا لە کوێیە؟ ئایا ئەوە ئایینە یا روحانیەت کە جەخت لە سەر ئایینی بێ خودا دەکات یا ئەو هاوکێشەیە گوزارشت لە "سازانی ئایین و عەلمانیەت" دەکات!

کامیل ژیر ١٩٦٠ لە ل ٢٤ کوردایەتی باوەڕی خۆی ئاشکرا دەکات کە پەیوەست نییە بە هیچ باوەڕێك و ئایینێکی تایبەتەوە، بەمەش دوور ناکەوێتەوە لە ئایینی کاژیك کە بریتیە لە زەردەشتی سیاسی کە بیری نەتەوەیی کوردی بۆ سۆشیالیزم سەرچاوەی گرتووە:

بە باوەڕی نوێ ئەم کوردستانە ئەبێ رازاوە و ئاوا و پیرۆز بێ
ببێ بە ڕووگەی ڕووی ئەم جیهانە هەمیشە بەرگی وەکو نەورۆز بێ

ب.هەندرێن ١٩٨٥ لە ل٢٧دا دەنووسێت :" ژیر دژی چەوسانەوەیە بە هەموو شێوەکانیەوە ...لە ئاینێکەوە بۆ ئاینێکی تر ....لە باوەڕێکەوە بۆ باوەڕێکی تر تەنانەت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ."

لە ل٣٧ کوردایەتی کامیل ژیر خۆی تەواو دەستێتەوە بە کوردایەتی هەتا کوردایەتی دەکاتە (ڕێباز) و (باوەڕی ورد) وەك دەڵێت :

بیری تازەی کوردایەتی ڕێبازمانە
فەلسەفەیە و باوەڕی ورد هۆش و هەستە

جەمال نەبەز ١٩٨٤ لە کتێبێکدا خۆی یەکلادەکاتەوە کە بیرووباوەڕی ئەو نە قەومی و نە ناسیۆنالیزمیە بەڵکو بیری نەتەوەیی کوردییە، وەك لە لاپەرە دووسەدی کتێبەکە دەنووسێت : ئەو بیرەش سەرچاوەکەی لە بیری قوتابخانەی کوردی بۆ سۆشیالیزم هەڵقولاوە."

دیدی جەمال نەبەز و کامیل ژیر لە "کاژیکنامە" - مانفێستی کاژیکییەکان - ڕوونتر و ئاشکراتر دەبێت.

کاژیکنامە و زەردەشتی :

پرسی نەتەوەییبوون لای کاژیکیەکان بە نەتەوەبوون بە ستراوەتەوە، لەم ڕوانگەوە دەشێ ئاماژەیەك بە پرسی نەتەوەییبوون و ئایین لە سێکشنێکی جودا بکەین :

سەرباسی لاوەکی، بیری نەتەوەیی و جیابوونەوەی ئایینی

کاژیکنامە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦١ بڵاوکرایەوە و بۆ جاری دووەمیش لە ساڵی ١٩٦٨ لە ئەورووپا .

دانتی هەر لە سەدەی سێزدەوە لە ڕێگای نەدەبەوە ویستی پێگەیەك بۆ زمانی ئیتالی لە قەڵەمڕەوی لاتینی بکاتەوە، بە واتای (هەژموونی لاتینی) وەك نوێنەری مەسیحییەت ڕەتنەدەکردەوە، چونکە ئەوسا ئەورووپای لە ژێر چەتری خاچپەرستی گرتکردبۆوە، بۆیە تەنیا داوای پێگەیەکی زمانی ئیتالی دەکرد. هەروەها دانتی داوای لەتکردنی کەنیسەی نەدەکرد،بۆیە بزاڤی دانتی شوێنی لای کاژیکییەکان نییە!

کاژیکییەکان باوەڕیان وایە ئایینی نەتەوەیی وەک بتپەرستی هەڵگری مۆرکێکی نەتەوەییە، نابێ بۆ بنیاتی نەتەوە پشتگوێ بخرێ هەروەها جیابوونەوەش لە ئایینێکی هەمەلایەنە، بەر لەوەی ئایینی بێت، نەتەوەیی-ە،هەر لەم ڕێگایەوەش شوناس و زمانی نەتەوەیی دروست دەبێت .

لە ل٢ی کاژیکنامە دا کاژیکییەکان لەم بوارەوە نموونە بە ڕەوشی ئەوروپاوە دەهێننەوە: "ئەتوانین یەکەم جیابوونەوەی کەنیسەی (ئەرسەدۆکس: ئۆرتۆدۆکس)بە کردەوەیەکی نەتەوەیی بژمێرین. چونکە پاش جیابوونەوەی هات یەکسەر زمانی یۆنانی کرد بە زمانی ڕەسمی خۆی و بەمجۆرە بەشێکی زۆری ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە چنگ زمانی بێگانەی لاتینی ڕزگاری بوو.: تەنانەت جیابوونەوەی کەنیسەی (بولگاری) لە کەنیسەی (ئۆرتۆدۆکس) بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ئەم قسەیە." لە کتێبی (کوردستان و شۆرشەکەی) دکتۆر جەمال نەبەزی٢٠٠٧ ڕابەری کاژیکییەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پرسی ئایینزا و ئایینە کوردییەکان بەو جیابوونەوە ئایینیە، پرسی نەتەوەییلێدروست دەبێت، بۆیە لە ل٢٤٤ دەنووسێت: "لەبەرئەوەی کوردەکان هەر لە کۆنەوە بڕوایان بە (هەرکەس بۆخۆیی) بووە،بۆیە بەنابەدڵ دەسبەرداری ئاینی کۆنی خۆیان بوون و ئیسلامیان بەسەردا سەپاوە. هەر لەبەر ئەوە لە نێو کورد دا گەلەک ڕێچکەی ئاینی پەیدابوون،کە بەهەق بە موسڵمانی ساختە نێو دەبرێن، وەکو ئەهلی هەق ..." کەواتە لە نەزەر کاژیکییەکان چۆن جیابوونەوەی (کەنیسەی ئەرسەدۆکس) لە (کەنیسەی کاسۆلیکی) کەسێتی نەتەوەیی و

زمانی نەتەوەیی دروستکرد، بە هەمان شێوەش جیابوونەوەی ئەهلی هەق و یارسان و ئێزیدی لە ئیسلام شوناسی نەتەوەیی و کەلتووری پێکدەهێنێت، چونکە هەردوو بزاڤی (ئەوروپی) و (کوردی) بەرلەوەی بزاڤی ئایینی بووبن، بزاڤی نەتەوەیی بوونە !

کاژیکنامە هەر لە ل٢دا سل لەوە ناکاتەوە کە کەلتووری بتپەرستیش بە میکانیزمێك بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوە و زمان دابنێت، بۆیە بەڕاشکاوی دەڵێت: "هەر بەم جۆرە ئەتوانین بڵێین هەموو ئاینەکانی چەرخی بتپەرستی تێکڕا بە کرداری نەتەوەیی ئەژمێردرێن. چونکە هەموو جۆرە تکا و نزا و پەرستنێکی ئەو بتانە هەر کەسە بە زمانی وڵات و نەتەوەی خۆی کردوویەتی. مانای وایە لە رێی پاراستنی زمانەکەیەوە نەتەوەکەی خۆشی پاراستووە. "!کەواتە لە دیدگای زەردەشتی سیاسیەوە جۆرە (تەقدیسێکی نەتەوەیی و خۆمالّی) لە بتپەرستیش دایە، چونکە تکا و نزا لەو پرۆسەیەدا بە زمانی نەتەوەیی بووە!

لەلایەکی دی لای کاژیکییەکان بزاڤە ئاینزا و یاخیەکان (یاخیبوون لە پرانسیپەکان) بارگاویکراوە بە پرسە نەتەوەییەکان بۆ ئەوەی کاراکتەری ئایینی - نەتەوەیی بخولقێنن .

بۆ نموونە کاژیکییەکان هەر بزاڤێکی دەرەوەی ئاینی ئیسلام، بە جۆرێك بزاڤی نەتەوەیی ئەزانن، وەك لە کۆتایی ل٢ی کاژیکنامەدا دەنووسن: "..لە ئاینی ئیسلامیشدا جولّانەوەی (خەواریج) و (شیعەگەریتی) و (شعوبیتی)... نموونەیی زۆر چاکن بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی. لێرەدا

ئەبینین میژوونووسی عەرەب (ساتع حەصری) ئەڵێ: "ئەو بزووتنەوە شعوبیانەی کە لە میژووی ئیسلامدا ناویان دەرکردووە...بزووتنەوەی نەتەوەیی بوون بە هەموو مانای وشە".

بەدیتنی کاژیکییەکان لە سێ ڕووەوە هەر بزاڤێك دەبتە بزاڤی نەتەوەیی :

١- چۆن ئەلمانیەکان بە جیابوونەوە لە کاسۆلیەکان، توانیان شوناسی دینی (ئەرسەدۆکس) و کەسێتی زمانی خۆیان بەدەست بێنن،

٢- گەر بتپەرستیش بی، دەتوانی شوناسی نەتەوەیی خۆت بە دەس بێنی،

٣- زەردەشتیەت وەك بزاڤێکی شعوبی بزووتنەوەیەکی نەتەوەییە.

ئەو هەموو جیاکارییە لە ئیسلام تەنیا ڕێیە بۆ دروستکردنی کەسێتی نەتەوەیی کوردی .

سەرباسی لاوەکی، کاژیك و زەردەشتی سیاسی

ڕەفیق صابر ١٩٩٨ لە کتێبی ئیمپراتۆریای لم دا دەڵێت: ئیسلام نامۆیە بەکورد. ئەندامانی کاژیك کۆمەڵەیەك لە ڕۆشنبیری ناسیۆنالیستی وەك جەمال نەبەز و ژمارەیەك شاعیری وەك ئەحمەد هەردی، کامیل ژیر، شێرکۆ بێکەس... پێکهاتوو بوو، ئەوانیش وەك ڕەفیق صابر دەڕوانن ئیسلام.

پرسی زەردەشتیەت لای کاژیکییەکان پرسی دینداری و نۆستالیژیا نەبوو بۆ ئاینی کۆن، بەڵکو هەم قەبوولنەکردنی مارکسیزم بە تامی

کوردی هەروەها دوورکەوتنەوە لە ئیسلام بوو، چونکە لای ئەوان لە ژێر سایەی ئاینی ئیسلامدا عەرەبەکان توانیان (کیانی ئاینی) دامەزرێنن و... کوردستان بخەنە ژێر رکێفی خۆیان (کاژیکنامە ١٩٦٨،ل٣). لای ڕەفیق صابر ١٩٩٨ ئەو دوو هۆکارە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ کاژیکییەکان، کە ڕووبکەنە زەردەشتی سیاسی نەک دینداری (زەردەشتی بەتامی ناسیۆنالیستی).

وەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا کە زەردەشتی سەردەمی میدیا (مادەکان) زەردەشتی تێکستی بوو، چونکە خودی زەردەشت لە سەردەمی حوکمڕانی فراتورس شا بووە، کاژییەکان قەبوولّی ئەو دینداریەی تێکستییەی مادەکانی قەبوولّ نییە هەروەک لە ل٢ی کاژیکنامە دانیپێدادەنێن: "هەرچەندە لەبەر تیشکی بیروباوەڕی کوردایەتی ی کاژیکانەدا هیچ بایەخێک بە ئیمپراتۆریەتی میدیا نادرێت، چونکە هەر ڕەنجێکیان داوە بۆ خزمەتی کورد و بیری کوردایەتی نەبووە." گەر بزانین تاکە شتێک کە کورد بە لە ئیسلامبوون شانازی پێبکات، ئیمپراتۆریای میدییە چونکە مینۆرسکی وتەنی " کوردەکان نەوەی میدییەکانن ."

میدییەکان توانیان کە بۆ یەکەمجار نەتەوەی فارس بخەنە ژێر دەسەلّاتی خۆیان . ئەو سەرکەوتنەی میدیەکانیش بە هۆی ئاینی زەردەشتی بووە ...کاژیک ئەو هەموو شتانەی دەزانی، بەلّام بایەخ بەو زەردەشتیە دینداریە نادات، هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەیان پێدا و هەروەها لەو پەرەگرافەش دەلّێن: "ئیمپراتۆریتی میدیای کوردیش

توانی بەهۆی ئاینی زەردەشتەوە-کە لە ناو فارسەکانیشدا پەرەی سەندبوو - ناوچەی فارسیش بخاتە ژێر دەست خۆیەوە ."

بە کورتی ئەو هەموو شوناسە دینی و نەتەوەییە، کاژیك هیچی بە سەروەتی خۆی نازانێت، بەڵکو بیر لە زەردەشتیەك دەکەنەوە کە شوناسێك بۆ کورد لە دەرەوەی ئیسلام بەخولقێنی، جا ئەو زەردەشتیە بتپەرستی، ئاگرپەرستی بێ گرینگ نییە، چونکە تەنها بەو زەردەشتیە سیاسیە کورد دەتوانێت کەسێتی نەتەوەیی سەربەخۆی بنیاتبنێت .

سەرباسی دووەم

چەمکی بەیاننامەی ڕوانگە

ڕوانگە وەك بزاڤێکی سیاسی بوو بە بۆیەی ئەدەبی . مێژووی دەرکەوتن و کاڵبوونەوەی بزوتنەوەی ڕوانگە لە هەناوی دەسەڵاتی کوریدا، ڕەگە سیاسی و یاخیبوونەوەکەی دەردەخات .

بەیاننامەکەی ڕوانگە لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٣١) ی٢٥-٤- ١٩٧٠ لەلایەن (شێرکۆ بێ کەس، حسێن عارف، کاکە مەم بۆتانی، جمال شارباژێری، جەلال میرزا کەریم) ئیمزاکراو بڵاوکرایەوە . (حەسەن ٢٠٠١،ل٣٥). لە لای میرە ٢٠١٢،ل٨٢ جگە لەو پێنج ناوەوە، ناوی کەمال ڕەوف محەمەد زیاد دەکات کە بانگەوازەکەی ڕوانگەیان ئیمزاکردووە و لە هاوکاری بڵاوکردۆتەوە هەروەها دکتۆر بەرزنجی ٢٠٠٨، ل٥٧ دەڵێت: کەمال محمد یش یەکێك بوو لە ئیمزاکەرانی بەیننامەکە، بەڵام لە ل١١٨ دا دەڵێ کەمال بە نووسین پەشیمان بۆوە، کە جاری دووەم بەیاننامەکە لە ژ.یەکی ڕوانگە بڵاوکرایەوە، ناوی پێنج کەسەکە نووسرا".

دروشمی سەرەکی ئەم بزاڤە ئەدەبی - سیاسیە بریتی بوو لە پرانسیپە سەرەکیەکانی زەردەشتیەت کە بریتی بوون لە (وتەی نوێ، بیری نوێ، کرداری نوێ) - (عارف ٢٠٠٥،ل بەرگ).

حەسەن ٢٠٠١لە ل٣٤ لە شێرکۆ بێ کەس دەگوازێتەوە کە " ڕوانگە بەرلەوەی دەق بێ، هاوار بوو ؛ بەرلەوەی تێپەڕاندن بێ گموح بوو."

سەبارەت بەوەی نائومێدیەکی سیاسی لە پشتەوەی دەرکەوتنی بەیاننامەی ڕوانگە بوو شێرکۆ بێکەس ١٩٩٨، یەکێك لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە لە ل١٦٩ی ژمارە -١٠-ی گەلاوێژی نوێ دا دەنووسێت: "بیرۆکەکە، بیرۆکەی هەمومان بوو، ئێمە ئەو کاتە لە بەغدا دەژیاین، وابزانم لە پێشدا بیرۆکەکە لە باڕەکانی ئەبی نەواس سەری هەڵدا، ئەوەی ڕاستی بێ پێم وایە ئەو کاتانە جۆرێك لە نائومێدی دروست بوبوو لە لای هەر یەکێکمانەوە بەرامبەر بە بزوتنەوە سیاسییەکان، ڕەنگە نائومێدی حسێن عارف لە قیادەی مەرکەزییەوە، لای من لە قەومییەکانەوە و جەلالی میرزا کەریم، ئەو کاتە لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی دا بوو، ئێمە یەك سەقفی ئایدیۆلۆژی کۆی نەدەکردینەوە، بەڵکو کۆمەڵێك گەنج بووین خەونمان هەبوو کە جۆرێك یاخی بوون لە ئەدەبدا ئەنجام بدەین بە تایبەتی لە دارشتنەوەی مانا و زمان دا."

بزاڤی ڕوانگە و ڕۆژکی ئەدەبی ململانێی نێوان مەلایی و جەلالی سالاڵنی ١٩٦٤-١٩٦٦ سالاڵنی بیستەکان سالاڵنی جیابوونەوەی هەردوو مالاڵباتی بەدرخان و شەمزینی هەمان جیابوونەوە چۆن لە حیزبی سەربەخۆیی دروستبوو لە جەستەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەم دروستبوو، ئەو جیابوونەوەی شەستەکان، دابەشبوونی

کۆمەڵگەی باشووری کوردستان لێکەوتەوە، بە جۆرێك، جۆرێك بوو لە سایکس - بیکۆی کوردی بە تایبەتی سایکس - بیکۆی ئایدیۆلۆژی.

لە پاش دەرکەوتنی (ڕوانگە) لە باوەشی حوکمداری کوردی ١٩٧٠-١٩٧٤، بۆیە دوای شکستی سیاسی باڵی مەکتەبی سیاسی دوو وەڵام بۆ بزاڤی ڕوانگە دروست بوو :

١- گروپی کفری، (زۆربەی ئەندامەکانی بە قسەی میرە، ل٩٣ مرۆی بنەماڵەی شێخان / سۆفیگەری بوون لە ١٩٧١/٧/١٤ بەیاننامەیان بڵاوکردەوە، دوای نسکۆ چوونە ناو یەکێتی-کۆمەڵە)

٢- کۆمەڵەی مارکسی لینینی لە ١-٦-١٩٧٠ (تەنیا مانگ و نیوێك دوای بەیاننامەی ڕوانگە) لە نێو ڕۆشنبیرانی باڵی مەکتەبی سیاسی دروستبوو.

چوار ساڵی ئۆتۆنۆمی باشووری کوردستان ١٩٧٠-١٩٧٤ ماوەی تەمەنی بزاڤی ڕوانگە بوو، لەم بارەیەوە ئەنوەر مەسیفی ١٩٩٥ لە ژ.٢ی گۆڤاری وێران دەربارەی ڕوانگە دەنووسی "کەفوکوڵی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بوو"، بۆیە هەر لە ساڵی ١٩٧٥-١٩٧٦ ڕژێمی بەعسی لەلایەك ئەو یاخیبوونەی هاواری شاری کوردی دەمکوت کرد بە جۆرێك مۆرکی نەتەوەیی لە دەق لە رۆژنامە و گۆڤاری کوردی (ژێر دەسەڵاتی بەعس) سڕایەوە، لەولاوەش شۆرشی نوێی کوردی ١٩٧٦-١٩٨٦ شۆرشێکی هزری، بەتایبەتی مارکسی بوو بۆیە بەرگەی یاخیبوونی ناسیونالی ڕوانگەی نەدەگرت، چونکە کەسانی وەك ئارام و مەلا بەختیار ...تەواو عیراقی بوون.

مۆرکی زەردەشتیبوونی سیاسی ڕوانگە :

سەبارەت بە شوناسی ئایدیۆلۆژی پێنج کەسی دامەزرێنەری ڕوانگە، دەتوانین هەڵوەستەیەك لە سەر قسەکانی شێرکۆ بێ کەس بکەین و مەدلولە ئایدیۆلۆژیەکانی بدۆزینەوە کە تەواو خیتابی دینی زەردەشتیەتی نوێ هەڵدەوەشێنێتەوە. لەلایەکلە باکگراوەندی هزری دامەزرێنەرەکان، حسێن عارف: شیوعی؛ شێرکۆ بێکەس: کاژیك؛ جەلال میرزا کەریم: بالّی مەکتەبی سیاسی..... دەردەکەوێت کە زەردەشتیەتی ڕوانگە زەردەشتیەکی دینداری نەبوو، بەڵکو هەوڵێك بوو بۆ دروستکردنی کەسێتی کوردی بە باکگراوەندنی دینێکی کوردی. کەواتە بە چەمکی ئەمڕۆ ئەم دینداریە جۆرێك بوو "پۆستسیکیولەری" دینی بێ خودا، تەواو پێچەوانەوەی دینی "سیخ " کە کار لە سەر دینی بێ هەر پێغەمبەرێك دەکات.

ئەحمەد میرە ٢٠١٢لە ل٨٤ی ماستەرنامەکەیدا دەربارەی ئامادەبوونی سێ وتەزاکەی زەردەشتیەت دەنووسێت: "ڕوانگە لە ژێر سێ وتەزای گەورە و گرینگدا بانگەشەی نوێکردنەوە و گۆڕانیان دەکرد، سەرچاوەی دروشمەکانیان هەڵگۆزراوی ناوەخنی ئاینی زەردەشدەشتی بوو (بیری نوێ، وتەی نوێ، کرداری نوێ) ئەم سێ نوێیە بوو، ڕوانگە لە ڕێیەوەی بەگژ هەموو بیرێکی کۆندا دەچووەوە.."

بیری کۆن لە ئەدەبیاتی سیکیولەری کوردی ڕەمز بوو بۆ ئیسلام، هەرچی (بیری پێشکەوتنخوازی) ڕەمز بوو بۆ چەپبوون بە تایبەتی

مارکسیەت. هەر لەو ڕوانگەوە دەشێین بە ڕاشکاوی بێژین ئەو بیرە کوردییەی ڕوانگە بیرێکی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو بەتامی مارکسیزمی (وەک چارەسەرێك بۆ پرسی نەتەوەیی، نەک فەلسەفی) و زەردەشتی، بۆیە شرۆڤەکردنیان بۆ دەق و جیهانبینی دووربوو لە مارکسیزم و زەردەشتی، بەڵکو کەفۆکۆڵێکی سەردەمی قەیرانەکان بوو.

وێڕای ئەمەش ڕوانگەییەکان دەیانویست مۆرکی زەردەشتی و مارکسیەت لە دەقەکانیاندا تەوزیف بکەن، لەوبارەیەوە دکتۆر بەرزنجی ٢٠٠٨ لە ل٩٨دا دەنووسێت: "زۆربەی نووسینەکانی ڕوانگەییەکان دوور بوون لە هەڵسەنگاندنی ئەدەبی، یان هەندێك نووسینی توندڕەوەکانیان لە دەقە تیۆرییەکان مارکسیزمەوە سەرچاوەی دەگرت، کەوایان ڕاڤەدەکردهەر بزووتنەوەیەکی مارکسیزم باس لە کێشەنەتەوەیەکان بکات، ئەوە دوورکەوتنەوەیە لە مارکسیزم، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە ئایین بوونی مارکسیزم بوو، لە هەمانکاتیشدا دوورکەوتنەوە بوو لەدیالێکتیك و ڕۆژگار .."

حیزبی مارکسی کوردی وەک(ڕزگاری) و (شۆڕش) تەواو حیزبی مارکسی کوردی بوون بە (تامی ناسیۆنالیزمی) کوردی. کاژیکیش حیزبێکی نەتەوەیی کوردی (پرانسیپەکانی زەردەشتیەتی) دەکردە هەوێنی خۆی . ئەو دوو ڕەوتە ناسیۆنالیە خەیالیە هەڵگری دیتنێکی ڕەگەزپەرستی کوردی بوو .

ڕەفیق صابر ١٩٩٨ کۆنە مارکسی کوردی لە ئیمپراتۆریای لم دا خیتابێکی کوردی (مارکسی و زەردەشتی) بنیاتدەنێ بە جۆرێك

(لەویتر) دەدوێت، وەك بڵێی ئەوان کائینیبەدەوی و ناعیمرانی ناشارستانی بن، ئەو بۆچوونەشی لە سەر بۆچوونی کۆمەڵناسی ئیبن خەلدون بینا دەکات . دیتنی ئیبن خەلدون تەواو جودایە لە ڕەفیق صابر و غەفور مەخموری ...ە . بۆ نموونە لە پەراوێزیلە پەراوێزی ١٧ی ئیمپراتۆریای لم هاتووە: بە قسەکەی ئیبن خەلدون دەکات کە عەرەب بەدەوینە، دەپرسین ئەی هەر ئیبن خەلدون چۆن باسی کورد دەکات؟ ئەدی نابێت کوردیش بەدەوی توند و پەرگیر و درندەن؟ کەواتە جیاوازی نێوان عەرەب و کورد چییە؟ ئەوەندە هەیە عەرەب بەدەوی ترن! مرۆی چۆلنشین کەیفی بە عیمرانیەت نایەت، نەك شارستانیەت! کەواتە ئیبن خەلدون قسە لە سەر کۆچەری و عیمرانیەت دەکات، نەك شکاندنەوەی عەرەب. کەواتەئیبن خەلدون باس لەبەدەویبوون دەکات بە نموونەی(کورد و عەرەب و تورك) دەهێنێتەوە، هەروەها کە باس لە (نا-عیمرانی) دەکات، نموونەی (عەرەبی دووەم - دین) دەهێنێتەوە (المقدمة). فاروق ڕەفیقیش ٢٠٠٦لە ل٢٩٧-٣٠٣دا دەڵێت: ئەو جۆرە بیرکردنەوە ڕەگەزپەرستی کوردی بەرهەمدەهێنێت. ئەو دیندارییە دینداریەکی کوردییە تەواوهزری و سیاسی بوو بە تامی چەپی. دکتۆر پەرێز سابیر ٢٠٠٦ لە ل٤٧٧ لە فوئاد قەرەداغی دەگوازێتەوە بەوەی دەڵێت: "ڕوانگەیەکان کەوتوونەتە دوای نووسینەکانی (سارتەر و کۆڵن ولسن و ئەلبێر کامۆ، ئیلیێرتۆ مۆرافیا... ئەمە ڕێبازی روانگە و روانگەییەکانە."

سەرەڕای چەپبوون - زەردەشتی، ڕوانگەیەکان دژ بە موسڵمانە کوردەکان بوون، بۆ نموونە:

١- لە رۆژنامەی هاوکاری ژ.١٧ی ئایاری ١٩٧١چوار ئەندامی دامەزرێنەری ڕوانگە و پێنج نوسەری دی دەنووسن :"ئەی قەڵەمە نەترسەکانی ...کوردستان یەکگرن! بۆ ڕامالّینی بیری تاریك و درۆ و دەلەسەی ئەو شەیتانانەی لە بەرگی فریشتەدا خۆیان حەشارداوە. (عارف ٢٠٠٥،ل١٩٩).

بیری تاریکیش لە گوتاری کوردیدا ڕەمزە بۆ ئیسلامی دەقی .

٢- لە هاوکاری ژ.١٩، ئایاری ١٩٧١ مومتاز حەیدەری لە وتارێك دا بە ناوی دوا پەلەقاژەی مەرگی کۆنەپەرستان دەنووسێت: "کۆنەپەرستە چڵکاوخۆرەکانی کوردیش بەناوی ئاینەوە چەند مالّێکی کوردە تێکۆشەرەکانیان دایە بەرگوللە لە هەولێر بەبیانوی ئەوەی ئەم مالّانە داوای:

(چیتان دەوێ سەربەستی،
عەبا و پێچە هەڵبەستی،
کچ و کوڕ پێکەوە ڕابوەستی،
کوڕان بۆ کچان هەڵستی! دەکرد (عارف ٢٠٠٥،ل٢١٧)

گرینگی ڕوانگە لە زاکیرەی ڕۆشنبیری عەلمانی کوردی

لە ژێر سایەی حوکمڕانی کوردی دا ١٩٩٢-٢٠١٦ کۆمەڵە کتێبێك لە بارەی بزاڤی ڕوانگە لە دەزگای حکومی و ئەکادیمی دەرچوون لەوانە:

١- شادمان قادر حەسەن ٢٠٠١. بزوتنەوەی ڕوانگە و شیعری نوێ ی کوردی. سلێمانی: سەردەم.

٢- حسێن عارف ٢٠٠٥. ڕوانگە و یاران و نەیاران. سلێمانی: سەردەم.

٣- عەلی تاهیر بەرزنجی ٢٠٠٨.کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا.سلێمانی:؟.

٤- ئەحمەد میرە ٢٠١٢. کاریگەریی بزووتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبییە کوردییەکان لە سەر کۆمەڵگای کوردی باشووری کوردستان. سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.

لەگەڵ چەندان وتار و ناوهێنانی لاوەکی ڕوانکە لە کتێبی تر ....!

ئـەنجـــام

لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکە بە بەڵگەی مێژوویی و شوێنەواریی دوو شێوەکەی زەردەشتی (زەردەشتی ئاهورامەزداپەرێس و مەجوسی) لە یەک جیاکردەوە .هەردوو شوێنەواری (تابلۆی زێڕ) و (پەیکۆڵی) زەردەشتی تێکستی و زەردەشتی سیاسی تەواو لەیەک جیا دەکەنەوە.

ئەم ساخکردنەوە بەرهەمی حەکایەت و چیرۆکی بەرئاگردان نییە، بەڵکو بەرهەمی دەقی شوێنەوارن.

کەواتە ئەو (زەردەشتیەت)ەی لای ناسیۆنالیستی کوردی لە حیزب و ئەدەب تەوزیفکراوە شێوەی قەڵپی زەردەشتیەتە نەک زەردەشتی ئەصڵی.

لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا گەیشتونەیەتی ئەوەی کە زەردەشتیەتی ناسیۆنالیستی کوردی بەرهەمی زەردەشتیەتی سیاسی ساسانیەکانە نەک میدی.

لە کێشەی توێژینەوەکەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەردوو بزاڤی (کاژیک) و (ڕوانگە) لە حیزبی کوردی شەفافتربوونە دەربارەی

ئیسلام، بەجۆرێك لە هەردووداً هەست بەبوونی زەردەشتیەتی سیاسی (فارسی) دەکرێت، نەك زەردەشتیەتی تێکستی (کوردی). شوناس و دروشمەکانی هەردوو بزاڤ، تەنیا وروژاندنی دینێکی کوردی دەکەن، با ئەم دینە بتپەرستی یا مەزهەبی، شعوبی بێت، گرینگە جەخت لە سەر کاراکتەری سەربەخۆیی کورد بکات.

وەك لە شرۆڤەکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەردەکەوێت، کاژیك و ڕوانگەییەکان مەبەستیان نەبووە مل بۆ زەردەشتی تێکستی بدەن، بەڵکو پێیانخۆشبووە وەك پۆستسیکیولەرێك (دینی بێ خودا) دەربکەون، جا ناسیونالیست بن وەك کاژیکییەکان یا مارکسی بن وەك ڕوانگەییەکان گرینگ نییە .

پاش پێکانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، هەرسێك گریمانەکانی توێژینەوەکە دێنەدی، کە زەردەشتیەتی سیاسی ئیلاهی نییە، بەڵکو بزاڤێکی دینیە کە موتربەکراوە بە (بیری نەتەوەیی کوردی) و (مارکسزمی کوردی).

هەر ئەو تێکەڵاویە هزریەش بڕیاری لە سەر مەرگی ئەو دوو بزاڤە نوخبەوییە دا و نەیهێشت تەمەنی سڕبوو و ناشکرایان هێنده درێژبێت.

بیبلۆگرافیا

١- بەرزنجی، هەڵۆ ٢٠١٣.کاژیك، بەرلین :؟

٢- باقر، تەها ١٩٨٠. تاریخ ایران القدیم، بغداد.

٣- بەرزنجی، عەلی تاهیر ٢٠٠٨ .کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا.سلێمانی:؟.

٤- بەکر، سەلام ناوخۆش ٢٠١٦ . کوردستانی ساسانی...(چاپنەکراو)

٥- حەسەن، شادمان قادر ٢٠٠١. بزوتنەوەی ڕوانگە و شیعری نوێ ی کوردی. سلێمانی: سەردەم.

٦- دیاکۆنۆف، ئی. م. (وەرگێڕ : برهان قانع) ٢٠٠٥، چ٢، میدیا. سلێمانی: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی .

٧- ڕەفیق، فاروق ٢٠٠٦. غەمە جڤاتیەکان، سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.

٨- زەکی، محەمەد ئەمین ٢٠٠٠. خوڵاصەیەکی کورد و کوردستان (بەرگی یەکەم و دووەم)، سلێمانی: سەردەم .

٩- ژیر ١٩٦٠ . کوردایەتی، بەغدا.

١٠- صابر، پەرێز ٢٠٠٦ رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، هەولێر: ئاراس .

١١- صابر، ڕەفیق ١٩٩٨. ئیمپراتۆریای لم . سوێد :؟

١٢- عارف، حسێن ٢٠٠٥. ڕوانگە و یاران و نەیاران . سلێمانی: سەردەم.

١٣- عیسی، حامد محمود ٢٠٠٤ .القضية الكردية في العراق، قاهرة: مكتبة مدبولي.

١٤- مستەفا، شوکر ٢٠٠٦ .سەرچاوەکانی بیروباوەری کوردستان، هەولێر: ئاراس .

١٥- میرە، ئەحمەد ٢٠١٢. کاریگەریی بزووتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبییە کوردییەکان لە سەر کۆمەڵگای کوردی باشووری کوردستان. سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.

١٦- ناوخۆش، سەلام ٢٠١٤. دوالیزمی نەتەوەیی، هەولێر: منارە.

١٧- نەبەز، ج ١٩٧٦. زمانی یەکگرتووی کوردی، بەرلین.

١٨- .....١٩٨٤. بیری نەتەوەیی کوردی نە بیری (قەومیەت)ی ڕۆژهەڵاتی و نەبیری (ناسیۆنالیزمی) ڕۆژئاوای یە، سوێد:بڵاوکراوەی سۆکسە.

١٩- ....٢٠٠٥. کوردانی سەرگەردان و برا موسڵمانەکانییان (وەرگێڕ سواره قەڵادزەیی)، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری .

۲۰-...۲۰۰۷.کوردستان و شۆرشەکەی (وەرگێر کوردۆ عەلی)، چ ۳، هەولێر: ئەلیکترۆنی!

۲۱- ...۲۰۱۵. کاژیك پێشخان و پاشخانەکانی، سلێمانی:؟

۲۲- هەندرێن، ب ۱۹۸۵. کامیل ژیر و هۆنراوەی نەتەوەیی لە هەڵوێست و ڕەخنەدا، بغداد: مینا

سەرچاوەی ئینگلیزی :

1-The "Original" Kurdish Religion?

Kurdish Nationalism and the False Conflation of the Yezidi and Zoroastrian Traditions Richard Foltz، Concordia University، Montréal.

2-The Inscriptions in old Persian cuneiform of the Achmaemenian Emperors، translated by Ralph Norman Sharp.

3-The Sassanian Inscription of Paikuli، translated by Prods Skjærvø 1983 .

چەندان سەرچاوەی تر لە مەتنی نووسینەکە ئاماژەیان پێکراوە.

ناوەرۆک

پێشەکی ٥
بەشی یەکەم: خوێندنەوەیەکی دوور لە رۆمانسیەت بۆ زەردەشتیەت..... ٧
بەشی دووەم: ڕەگی زەردەشتیەتی سیاسی لە گوتاری بزاڤی سیاسی و ئەدەبی کوردیدا بە نموونەی (کاژیك) و (ڕوانگە) ٤١
دەروازە ٤٣
بەشی یەکەم: زەردەشتیەت لە نێوان دەسەڵاتی میدی و دەسەڵاتی ساسانی ٤٦
گەلی میدی و حوکمڕانی میدی ٤٩
فاکتەری شوێنەوار لەیەك جیاکردنەوەی زەردەشتی تێکستی و زەردەشتی سیاسی..... ٥٥
یەکەم، تابلێتە زێڕەکەی شای ئەخمینی ئاریاڕامنێس:..... ٥٥
دووەم، نووسینی پەیکۆڵیی و سەرهەڵدانی مەجوسیەت..... ٥٨
بەشی دووەم: زەردەشتیەتی سیاسی لە گوتاری کوردیدا ٦٠
سەرباسی یەکەم: کاژیك ناسیۆنالیستی تیۆریی..... ٦٣

أ- بەر لە دامەزراندنی کاژیك :..... ٦٣
ب- دروستبوونی کاژیك و سەرەتای ڕەگەزپەرستی کوردی :..... ٦٦
کاژیك و بیری زەردەشتی سیاسی:..... ٦٨
" کوردایەتی " کامل ژیر و پۆستسیکیولاریزم بوون: ٦٩
کاژیکنامە و زەردەشتی :..... ٧٥
سەرباسی دووەم : چەمکی بەیاننامەی ڕوانگە ٨١
مۆرکی زەردەشتیبوونی سیاسی ڕوانگە :..... ٨٤
گرینگی روانگە لە زاکیرەی ڕۆشنبیری عەلمانی کوردی ٨٨
ئـەنجـــام ٨٩
بیبلۆگرافیا..... ٩١
نـاوەڕۆک..... ٩٥

زەردەشتیەتی دینداری
و
زەردەشتیەتی سیاسی

ئەم نامیلکەیە: هەوڵدەدا دوور لە سۆز و دۆگما شرۆڤەیەکی زەردەشتی دینداریی و سیاسیی بکات بەوەی ئەوەی ئەمڕۆ ڕۆناکبیری کورد بانگەشەی بۆ دەکات زەردەشتییەتی ئایینداری نییە، بەڵکو "زەردەشتییەتی" سیاسییە، ئەم ڕەوتەش بەرهەمی هەزری چەپی کوردییە بۆ ڕزگاربوون لە ئیسلام. تۆژینەوەی یەکەم، کە بە ناوی "خوێندنەوەیەکی دوور لە ڕۆمانسیەت بۆ زەردەشتیەت" دکتۆر عوسمان عەلی بە عەرەبی نووسیویەتی و ماکوان کەریم وەریگێڕاوە. دکتۆر عوسمان لە بەشی یەکەم هەوڵیداوە چەند پرسیارێك بوروژێنێت لەوانە پێکهاتەکانی زەردەشتییەت وەك ژن لە کۆمەڵگا و هەڵوێستی زەردەشتییەت بەرانبەر هاوسەرگیری دایك و خوشك هەروەها هەڵویستی زەردەشتیەت دەربارەی تۆژە کۆمەڵایەتییەکان؟! تۆژینەوەی دووەم، کە بە ناوی "ڕەگی زەردەشتییەتی سیاسی" لە بزاڤی هەزری و سیاسی کورد دەدوێت و بە بەڵگە دەیسەڵمێنێت ئەم زەردەشتییە سیاسییە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە کەم و زۆر حزووری لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی تیۆری و چەپی کوردی هەیە، ئەم بەشە سەلام ناوخۆش نووسیویەتی.

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هونێلی شیرین پالاس
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice